ئایا سزادانی تاوانکارانی پیاو بە لە ســـــــــــدارەدانیان نامرۆڤانەیە و دەبێ نەمێنێ یان سزادانیان بە خەساندن لە ڕێی دەرمانەوە؟.. حەسەن ئازانی

من پێم وایە ئەگەر تاوانبار لە هەر بواریکدا تاوان ئەنجامبدات دەبێ سزا بدرێت. جا ئەو پیاوانەی کە دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر ژنان و کچان و تاوانی گەورە لە دژی ژنان ئەنجام دەدەن، ئەوانیش دەچنە ناو ئەو چوارچێوەیەو تاوانبارن و دەبێ سزای خیان وەربگرن!.لەرەدا بەچوونکەی من لەسەر بڕیتانیایە کە سزای لە سێدارەدانی لە ساڵی ١٩٩٨ وە هەڵوەشاندۆتەوە بە هەی کاریگەریی یاسای مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا، هەروەها بڕیتانیا ئەندامە لە ئەنجومەنی پاراستنی مافی مرۆڤ لە ئەوروپادا، بۆیە ئەوتە ئەستا حکومەتی بڕیتانیا دەیەوێت سزایەکی تر بچەسپێنێت و بە یاسایی بکات کە ئەویش سزای خەساندنە لە ڕێی دەرمانەوە.
ئەو سزایە، بە بۆای من، هەم تووندوتیژ ترەو هەمیش زیاتر دژی مافی مرۆڤە بە بڕاورد بە سزای لە سێدارەدان. من پێم وایە سزای خەساندن، جا بە هەر ڕێبازیک بێت، ترسناکترو نامرۆڤانەترە لە سزای لە سێدارەدان، چونکە ئەو پیاوەی کە دەیخەسێنن نامرێ و لە ژیاندا دەمێنێ و لە نێو کۆمەڵگادا دێت و دەچێت بەبێ وەک گاجووتەکی خەساو وایەو هیچ هەڕەشەو ئارەزوویەکی بە سێکس و خۆشەویستی نامێنێت و بە هیچ شێوەیکیش تەنانەت بیریش لە سێکس و خۆشەویستی ناکاتەوە. بەبێ گرفتە گەورەکە ئا لەرەدایە کە مرۆشکی ئەو پیاوە خەساوە کار دەکاو بە ئاگا دێبێت و دەزانێت چیان لێکردووەو دەزانێت جیاوازی ئەو لە گەڵ پیاوانی تر چیە لە بواری سێکس و خۆشەویستیدا! ئەو پیاوە خەساوە نامردووەو ماوە، بەبێ هەر هێزێک بە ئەو مردنیکەو هەموو هێزو ساتێک خەزگە دەخوازێت کە ئەگەر هەیانواسیبایەو لە ژیاندا نەمایە زەر باشتر دەبوو لەو ژیانەی ئێستای. کەسی سزادراو بە ریگەی هەواسین و لە سێدارەدان یەک جارەو چەند خولەکێکەو دەواو کۆتایی دێت، بەبێ سزادان بە هێبازی خەساندن هەموو هێزو ساتێک مردنیکە. ئەم بارودۆخش بە لای کەسی خەساوەوە،

بە بەوای من، چەندین کۆشەی تر بەدواخەیدا دەهێنێت و بۆی هەیە جۆری تاوانکان شێوەیەکی تر بەخۆوە بگرن و بە ڕەگایەکی تر ئەنجام بدرێن. من پێم وایە بۆی هەیە بە شێوەی کاتیی و بە ماوەیەک تاوان لەو بوارەدا کەم ببێتەوە بەڵام زۆری پێناچێت تاوانکان شێوەو جۆریان دەگۆڕێت و بۆی هەیە ترسناکتر و گەورەتریش ئەنجامبدرێن! من پێم وایە، وەک چۆن سزای لە سێدارەدان لە بەریتانیاو چەندین وڵاتی تریش نیەو هەوڵشاوەتەوە، دەبێ هەر ئاهواش سزای خەساندنیش نەخرێتە دەستوورەوەو دەبێ دژایەتیشی بکرێت و لە جیاتی خەساندن دەبێ بیر لە جۆرێکی تری سزادان بکرێتەوە!

جا ئەو بابەتەی کە نووسینەکەی ئەمەی دەربارەیە ئەوەیە کە بە پێی هەواڵێک کە لە لایەن ڕاجیف سیاڵ بەرپرس و سەرنووسەری بەشی هەواڵەکانی ناوخە لە گاردیانی بەریتانیادا لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٥دا بڵاوکراوەتەوە ئەوەیە کە:" لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا بەرپرسێکی باڵای نەو دەزگای یاسایی و دادی بەریتانیا بە ناوی شابانە مەحمود باسی لە سزادانی خەساندن کردووە بە ئەو پیاوانەی کە تاوانی گەورەی سێکسیی و دەستدرێژیی گەورەی سێکسیی لە دژی ژنان و کچان ئەنجام دەدەن! هەروەها شابانە نیازیشی هەیە کە سزای خەساندن بە ڕەگای کیمیاوی، واتە داودەرمان، بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە وەک تاقی کردنەوە لە ئینگلتەراو وەیلز!"
"پێشبینی دەکرێت کە وەزیری دادی بەریتانیا پشتگیری لە ڕیفەرم و چاکساسازیی سزاداندا بکات لە ئینگلتەراو وەیلز کە بەشێکی بریتی دەبێ لە بەکارهێنانی داودەرمان کە دەبێتە هۆی سەرکوت و بەدەنگ کردنی ئارەزووی سێکسی! (واتە بریتی دەبێ لە پێدانی جۆرێک لە حەب و دەرمان بە کەسی تاوانبار کە دەبێتە هۆی خەساندنی ئەو کەسە!" (سەرچاوە: گاردیان)

بە پێی سەرچاوە فەرمیکانی دەوڵەتی شانشینی بەریتانیا شابانە مەحمود، ئەفسەرو بەرپرسی هەرە باڵای تاج، قسە لەسەر سەرکوت و بەدەنگ کردنی ئارەزووی سێکس دەکا بە ڕەگەی داوودەرمانی کیمیاوی لە دژی ئەو کەسانەی کە تاوانی گەورەو قورس لە بواری سێکسدا لە بەرامبەر ژنان و کچاندا ئەنجام دەدەن و هەروەها دەست درێژی سێکسی دەکەنە سەر ژنان و کچان!" (سەرچاوە: گاردیان)

"بەشی تایبەت بەو کارە لە وەزارەتی دادی بەریتانیا نیازی هەیە کە بەرنامەکەی فراوانتر بکاتو وەکو پاکێجکیش لە ٢٠ بیست هەرەمدا تاقی بکاتەوە لە سەر زیندانیانی زیندانەکانی ئینگلتەراو وەیلز و ئازاد کردنی هەزاران لەو زیندانیانەی کە بە تاوانی سێکس و

دەستدرێژی سێکسیی زیندانی کراون. ئەمش وا دەکا کە ئەو فشارو قەرەبالغیەی کە لەسەر زیندانەکان هەیە کەم ببێتەوەو نەمێنێت! هەروەها ئازادکردن و دانانی تاگ ،واتە ئامازی ئەلێکترۆنیی بۆ چاودێری کردنی تاوانباران، لەسەر پیاوکوژان و ئەوانەی کە دەستدرێژی سێکسی ئەنجام دەدەن دوای ئەوەی کە نیوەی سزاکەیان لە زیندانداتەواو کردووە.”(سەرچاوە: گاردیان)

“شابانە، قسە لەسەر پەداچوونەوەیەکی وردی سەربەخۆیانەو بەلایانەی دۆکات لە سەر ئەنجامەکانی ئەو کارە. هەروەها شابانە داوا لە دەسەڵات دۆکات کە بنکەیەک دابمەزرێنێت کە لە سەر بنگەی دامەزرابێ بە ئەو داوو دەرمانە کیمیاویانەی کە ئارەزووی سێکس کەم دەکەنەوەو سەرکوتی دۆکتۆر یان دەبنە هەی ئەوەی کە کەسی دەستدرێژیکار بیرکردنەوەی سێکس کردنی نەمێنێت. جگەی باسە ئەو پێشنیارە کە بە دەوڵەت و لایەنی دەسەڵات کراوە لە نەو ٤٨ پێشنیاری تردایەکە دەقید گاوک خستوونیەتە ڕوو بە ئەو مەبەستە! پێشبینی دەکرێت کە شابانە هەژی پێنج شەمی داهاتوو وتەیەک لە ناو ئەنجومەنی لەردەکاندا پێشکەش بکات بە ئەوەی ئەو هەو شوێنانە دیاری بکات کە ئەو پێی باشن لە چوارچێوەی چاکسازیی دادپەروەریی تاوانکاریدا!
سەرچاوەکانی سەر بە دەسەڵات و حکومەت ڕایان گەیاند پێشبینی دەکرێت کە شابانە هەزامەندی لە سەر هەو شوێنە سەرکیەکانی پەداچوونەوەکە دەربڕێت، کە لە نەویاندا بریتیە لە مەرجی پەدانی تاگ بە زیندانیەکە، واتە پەدانی ئامازی ئەلێکترۆنیی چاودێریکردن بدرێ بە تاوانبارەکە ئینجا ئازاد کردنی ئەو زیندانیانەیە کە هەفتاریان باشە دوای ئەوەی کە سێ یەکی ماوەی سزاکەیان لە زیندانداتەواو کردووە!” (سەرچاوە: گاردیان)

هەر وەها شابانە هەرزامەندی لە سەر ئەوەش دەربڕیوە ئەو زیندانیانەی کە تاوانی گەورەو دەستدرێژیی قورسی سێکسییان ئەنجامداوەو نیوەی سزاکەشیان لە زیندانداتەواو کردووە با ئازاد بکرێن و نیوەکەی تری سزاکەیان با بە خزمەتکرن لە لەنەو کۆمیونیتی دا تەواو بکەن!
یەکێک لە پێشنیارەکانی دەقید گاوک وەلانراوەو گوێی پێنەدراوە کە ئەویش بریتیە لە :” پێویست دەکا کە پیسترین و ترسناکترین لە تاوانباران هەگایان پێبدرێت کە زووتر داواکاری پێشکەش بکەن بە ئەوەی بە مەرج ئازاد بکرێن هەر کاتێک کە متمانەیان لە لایەن کەسانێک و سەرچاوەکانی نزیک لە وەزیری داد بەدەست هێنا!
ڕاپۆرتەکە وەزیرەکان هان دەدا بە ئەوەی بناخەیەکی دامەزراو لەسەر

بەگژ دامەزرێنن دەربارەی بەکارهێنانی هێگای سەرکوتی کیمیاوی بۆ ئەو کەسانەی کە تاوانی سێکسی ئەنجام دەدەن و هەروەها لەو ئەنجامانەش وردبینەوە کە لە ئەنجامی پەیگرامی هاوشێوەدا بەدەست هاتوون لە وڵاتانی وەک ئەمانیاو دانیمارک و پۆلەندا!

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە:" دەتوانرێت وروژانی سێکسیی و سەرقاڵبوون بە سێکسەوە کەم بکرێتەوە لە هێگای پەدانی داودەرمانی کیمیاویەوە کە ئارەزووی سێکسیی سەرکوت دەکەن و کەمی دەکەنەوە . ئەو داودەرمانانە دەتوانرێت بدرێن بەو کەسانەی کە دەستدرێژی و تاوانی سێکس ئەنجام دەدەن"

هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات:" ئەو بەرنامەو پەیگرامەی کەساڵی ٢٠٢٢ لە سەر زیندانیەکانی زیندانەکانی خواروی هێڵئاوای ئینگلتەرا تاقیکرایەوە کە بریتیبووە لەوەی داودەرمانی کەم کردنەوەی ئارەزووی سێکسیان دەدا بە زیندانیەکان، ساڵی داهاتوو ئەو بەرنامەو پەیگرامە تەواو دەبێ و داوا دەکرێت کە بەردەوامی پێبدرێت و بودجەشی بۆ تەرخان بکرێت."

هەروەها سەرچاوەیەکی نزیک لە شابانە گوتی:" حکومەت پلانی هەیە کە ئەو بەرنامەیە فراوانتر بکات بۆ جەریەک کە ببێتە قەناغێک و سەرتایەک بۆ ئەوەی لەڕەو بەسەر تەواوی وڵاتدا جێبەجێ بکرێت"

ئەو بەرنامەو پەیگرامە لە هێگای دوو جۆر دەرمانەوە جێبەجێ دەکرێت:
یەکەم: دەرمانی SSRIs کە بریتیە لە کورتکراوەی Selective serotonin Re-uptake Inhibitors کە ئەو دەرمانە بیرکردنەوەو ئارەزووی زۆری سێکس کەم دەکاتەوەو سەرکوتی دەکات. دەرمانی دژە ئەندرۆجین Anti -androgensدەبێتە هۆی کەم کردنەوەی بەرهەم هینانی هۆرمۆنی تێستێستێرۆن کە هۆرمۆنێکی نەرینەییەو پەیوەستە بە ئارەزووی سێکسەوە.

ئەو جۆرە دەرمانانە شانبەشانی کارە دەروونیەکانی تر کە هەندێک تاوانی سێکس دەکەنە ئامانج لە بارەی شتی تریشەوە کاری خێیان دەکەن بە نموونە ئارەزووی هێز بەدەستەوە گرتن و زاڵبوون بەسەر دەوروبەردا.

دیسان سەرچاوەیەک لە حکومەتەوە گوتی:"شابانە پێی وایەو قسە لەسەر ئەوە دەکا کە دەبێ خەساندن و نەهێشتنی ئارەزووی سێکس بە زەرە ملێیی بێت نەک ئارەزووماندانە لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە تاوان

و دەستدرێژی گەورەی سێکس ئەنجام دەدەن!”

هێژەی تاوان و دەستدرێژی سێکسی لە نێو تەمەنی گەورەساڵاندا لە کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٢٥ دا گەیشتۆتە ٢٠٪ کە ئەوانە یەکسەر دەستبەجێ سزا دراون. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەداوە کە بەشداری ئەو تاوانبارانە لەو بەرنامەو پڕۆگرامانەدا لە ئینگلتەراو وێلز بە خەبەخشانەو ئارەزوومەندانە دەبە!

لە نێو ئەو ڕاسپاردەو پێشنیارانەدا کە دەقید گاوک، وەزیری پێشووی داد لە حکومەتی پارێزگاراندا، دەڵێ پێویستە حکومەت بیان کات بریتین لە:
یەکەم: دەنیابوون لەوەی کە دەبە سزا ی دەستبەسەرکردن تەنها لە بارودۆخێکی تایبەت و جیاوازو ناوازەدا کەمتر بێت لە ١٢ مانگ نێک لە هەموو بارودۆخێکدا.
دووەم: درێژکردنەوەی ماوەی سزای هەڵپەسێرراو بە ماوی سێ ساڵ و هاندانی هەبازی دواخستنی سزا بە ئەوانەی کە تاوانەکانیان سووکن.
سێیەم: زیاتر ئاوەڵاکردنی دەستی دادگا بە بەکارهێنانی جۆرەها سزا بە نموونە قەدەغەکردنی سەفەرو هات و چۆ لە تاوانبار، قەدەغەکردنی لەخوێنی ماشێن وئەتەمبەل، هەروەها نەهێشتن بەشداری بکەن لە تپیی وەرزشیی بە نبموونە تۆپتۆپێن.
چوارەم: هێگا بە ئەفسەرانی چاودێری لە تاوانباران بدرێت تاکو بتوانن ئاستی چاودێریکردن هێکبخەن بە پێی ئاستی مەترسی تاوانبارەکان و گوڵایەیی تاوانباران بە فەرمان و ئەرکەکانیان! فراونکردنی دادگاکانی تایبەت بە تاوانەکانی ناوخۆی خەزان تاکو بتوانن باشتر هاوکاری قوربانیانی ناوخۆی خەزان بکەن.
پێنجەم: فراوانکردن و درێژکردنەوەی کاری تاگکردنی دەستدێژیکاران و تاوانکاران لە دژی ژنان و کچان.

شەشەم: ڕاهێنانی زیاتر بە دەسەڵاتی دادوەری و ستافەکەی تاکو زیاتر بتوانن و شارەزابن لە یارەتیدانی ژنان و کچانێک کە تووندوتیژی و تاوانیان دەهەق کراوە.
حەوتەم: گوێینی مەبەستی یاسایی لە سزادان. بە نموونە دەبە دادوەرو دادگا چاویان لەوەبە کە هاوکاری قوربانیەکە بکەن بە قەدەر ئەوەی بیر لە جۆری سزاو ماوەی سزای تاوانبار بکەنەوە.

هەروەها دەقید گاوک داوا لە حکومەت دەکات کە بودجەو هاوکاری زیاد بکرێت بە بەشی خزمەتگوزاری چاودێریی و دەڵێ دەبە ئامرازەکانی چاودێریکردن، واتا تاگ، بە دەستبەسەرکراوو زیندانیکراوەکان زیاد

بکرێن و فراوانتر بکرێن. ئەو پێی وایە ئەگەر بێت و لەو بارەوە حکومەت سستی بنوێنێت ئەوا هێزە جیاوازەکان پرچەکداری ئای گشتی دەبێتەوە. ئەو دەڵێت:" ئەگەر بەشی چاودێریکردن هاوکاری نەکرێت ئەوا مەترسیەکی لەوەدا دەبێ کە ئەمە هیچ بەرەو پێشچوونێک بەدەست ناهێنین لە بواری چاکسازی و گەڕانەوەی تاوانباران بۆ نێو کۆمەڵگا!

لەو بارەوە سەرکی پۆلیسی بەشی نیشتیمانیش هەمان داواکاریەکەی دەیقید گاوکی بۆ زیادکردنی هاوکاری و بودجەی بەشی خزمەتگوزاریی چاودێریکردن دووبارە کردەوە.

ساشا هاشێت، سەرکی بەشی پۆلیسی نیشتیمانی بۆ دادپەروەری تاوانکاریی، دەڵێت:" دەرچوونی تاوانباران لە زیندان نابێ بەو مانایە بێت کە لە ژێر کۆنترۆڵی پۆلیس دا نەمێنن. ئەگەر ئەمە بمانەوێت کە ژمارەی زیندانیان لە زیندانەکاندا کەم بکەینەوە دەبێت دنیا بین لێیان کە لە دەرەوەی زیندان و نێو کۆمەڵگادا نەتوانن تاوان ئەنجام بدەن و کۆمەڵگا لێیان پارێزراوبێت!"
" دەبێ هاوکاری و زیاد کردنی بودجە بۆ ئەو مەبەستە لە پێداچوونەی خەرجیەکانی داهاتوودا دەربکەوێت و هەروەها لە وەبەرهەم هێنانیشدا لە بواری زیاد کردنی ئامرازەکانی چاودێری واتە تاگ و وەبەرهەم هێنان لە بواری خزمەتگوزاری چاودێریکردندا."
لەو بارەوە گرووپی چاکسازی هاوارد پشگیری لەو ڕاسپاردەو پێشنیارانەکرد.
ئەندرێ کومبەر، بەڕێوەبەری جێبەجێکار، گوتی:" ئێستا تەپەکە لە مەیدانی حکومەتدایە. چارەسەرکردنی قەیرانی توانای زیندانەکان پێویستی بە بە دەستهێنانی گۆڕە هەیە، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دەربکەوێت کە ئەو بەرنامەیە ئەنجامی باشی بەدەست هێناوەو تاوان و تاوانکاریی لە نێو کۆمەڵگادا بنبڕکردووە.
لەوبارەوە پارتی پارێزگاران ئەو پێداچوونەوەی دەیقید گاوکیان بەدەنیەو ئیدانەیان کردووە. ئەوەتە ڕەبەرت جێنریک، وەزیری داد لە حکومەتی سێبەردا گوتی:" بە هەڕەشاندنەوەی سزای کوورت بۆ زیندانیان کە تاوانەکانیان سوکە بۆ نموونە هێندێک تاوانی وەک دزی و دەستدرێژی و بەسەردادان و هێرشکوتانەسەر خێزان و ماڵان بۆ مەبەستی دزی دەچنە خانەیەک کە بۆ تاوان دانەرین و ئەنجامدەرانیش دەچنە خانەی بێتاوانانەوە. ئەمەش وەک دیاریەک وایە کە پێشکەشی تاوانباران دەکرێت کە تاوان ئەنجام دەدەن و وا نیشاندەدەن کە بۆ نەزانی کردوویانە"

تێبینی: خەساندن بە یەگای داوودەرمانی کیمیاوی چۆن دەبێ؟
ئەو جۆرە خەساندنە بریتیە لە پێدانی جۆرێک لە دەرمان بە مەبەستی کەم کردنەوە یا بە تەواوی نەهێشتنی ئارەزووی سێکس و تەنانەت هێندێک جاران بیرکردنەوەی سیکس لە ناو دەبات. ئەو کەسانەی ئەو دەرمانانەیان دەدرێتە دەیانگێننەوە بە سەردەمی مەرمندالییان لە ڕووی ئارەزووی سێکسەوە. هەڵسوکەوت و ئارەزووی سێکسی ئەو کەسانە دەوەستێنن! ئەو دەرمانە دەگونجێت جۆرێک بێت لە SSRIs کە بریتیە لە کورتکراوەی: Selective Serotonin Reuptake Inhibitors کە کار دەکاتە سەر بیرکردنەوەی ئارەزووی سێس و هۆرمۆنەکان Anti-Androgens کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هۆرمۆنی تێستێستێرۆن کە هەمانکاتی نزینەیە و پێویستە بە ئارەزووی سێکس. هەرچەندە دەتوانرێت کەسەکە بگەڕێنرێتەوە دۆخی پێش پێدانی دەرمانەکە بەڵام دەرمانەکە لایەنی خراپەی تریشی هەیە بە نموونە کەسەکە تووشی خەمۆکی دەکا، تووشی بیرکردنەوەی خۆکووژی دەکات، تووشی ئارەقکردن و گەرمبوونی لەشی دەکات هۆرمۆنەکان چەندین کاریگەریی لاوەکی تەندروستی تریشی بەدوادا دێت.
جگەی باسە کە ئەو جۆرە دەرمانە لە هەندێک لە دەوڵاتەکانی دادوەریدا بەکاردەهێنرێت وەک مەرج و پارێزبەندیێک بە ئازاد کردنی تاوانبارانی بەشی دەستڕێژی سێکس بە سەر ژنان و کچان. هۆرمۆنەکان هەندێک دەزگای تەندروستی بە چارەسەری هەندێک جۆری شێرپەنجەش بەکاری دەهێنن!

شابانە مەحمود کێیە؟
شابانە مەحمود ساڵی ١٩٨٠ لە دایک بووە، پارێزەرو سیاسەتمەدارێکی خەڵکی بەریتانیایە. سەر بە پارتی کرێکارانە(لەیبەر پارتی). ساڵی ٢٠٢٣ بە ٢٠٢٤ وەزیری دادی سیبەر بووە، لە ساڵی ٢٠٢٤ وە وەزیری دادو ئاوێزکاری لەردکانە. ئەندامی پەڕلەمانەو نوێنەری بیرمینگهام و لەیدوود لە نەو پەڕلەماندا لە ساڵی ٢١٠ وە. دەرچووی کۆلیجی یاسایە.

حەسەن ئازانی
-_____

لە وەرگێڕانی ئەو بابەتەدا بە کوردی سوودم لەو سەرچاوانە وەرگرتووە

Shabana Mahmood considers chemical castration for serious sex offenders | Prisons and probation | The Guardian
https://www.google.com/search?q=Shabana+Mahmood&sourceid=chrom

e&ie=UTF-8
https://www.google.com/search?q=Shabana+Mahmood&sourceid=chrom
e&ie=UTF-8
https://youtu.be/LNeZ_Wu
Wikipedia

ترامپ و هەڵکشانی کۆنەپەرستیی جیهانی، گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی بەرژوازیدا.. موئەیەد ئەحمەد

دەستاگەیشتنی ترامپ بە دەسەڵات لە ئەمریکا بە دووەمین جار، لە هەڵگەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤیمبەری (تشرینی دووەمی) (٢٠٢٤) و بەدەستهێنانی زەرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیرانی ئەم وڵاتە لەلایەن پارتی کۆماریی‌یەوە، وە جێبەجێکردنی چەندین سیاسەت و فەرمانی سەرکایەتیی پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراو لە ماوەی کەمێک زیاتر لە دوو مانگ لە دەستبەکاربوونی پێستی سەرکایەتی، کە لە (٢٠)ی ژانویەی (٢٠٢٥)ەوە دەستیپێکردووە، بووەتە هۆی لەرزانێکی سیاسی گەورە نێک تەنها لە ناوخۆی ئەمریکا، بەڵکو لە ئاستی جیهانیشدا، بەتایبەتی لەناو سیستەمی سیاسی بەرژوازی جیهانیدا.
بۆیە دەکرێ بڵێین، لەگەڵ سەرهەڵدانی ترامپ، جیهانی سەرمایەداری پێیناوەتە ناو دەورەیەکی نوێ (حقبة جديدة) لە هەڵکشانی کۆنەپەرستی سیاسی نیوفاشیستی، پێشبەکێیەکی تونڈی چەکداری و هەرشەکی توند و فرەهەندی بەرژوازی بە سەر بارودۆخی ژیان و کاری چینی کرێکار و چەوساوە و ئازادیخوازەکان و دەستکەوتەکانیان لە بواری خۆشگوزەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مافە سیاسی و مەدەنی و کولتووریی‌یەکانیان و ئازادیی‌یەکانیان، لە ئەمریکا و لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا.
ئەم دەورانەکە کە تایبەتمەندی خۆی هەیە هەر لە چەووندەوە و

فراوانبوونی مەودای سیاسەتە سەرمایەدارییەکان، بەگوێرەی مەدللی ئابووری نیولیبرالی، کە دژ بە چینی کرێکار و هەموو چەوساوەکانە، تا هەڵکشانی سیاسەتی ئابووری ناسیونالیستی بەرژوازی، واتە گەشەگیریی ئابووری ناسیونالیستی، و تا توندوتیژبوونەوەی قەیرانی سیستەمی سیاسی بەرژوازی لە ناو ئەمریکا و لە ئاستی جیهانیدا، و چەبوونەوەی ململانێ جیۆپۆلەتیکی و جیۆئابووری و سەربازییەکان.

ئەوەی ڕووێداوە و ڕووددات، دەرئەنجامی ئەم سەرکەوتنە و هەڵزی فەتحکەری (القوة القاهرة) ترامپ و پارتەکەی و بزووتنەوەکەی بەتەنها، وەک هەڵکەی سەربەخۆ و خۆڕسکەدا، نییە، بەڵکو خودی سەرکەوتنەکە و کەسایەتی ترامپ و بزووتنەوەکەی، خۆیان، بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی پێشتری زۆرەرین کە لە ناو ئەمریکا و لە ئاستی جیهانیدا بەڕێوەدەچێت، ئەمەش تەنانەت پێش سەرهەڵدانی ترامپ لە ناو پارتی کۆماریدا، چ جای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی جاری یەکەم و دووەمدا.

بۆیە ترامپ لە هەڵکەوت و فاکتەرێکی سوبژەکتیف لە چوارچێوەی ئەم پرۆسە مێژووییە بابەتییە زیاتر شتێکی تر نییە. ئەگەر ترامپ نەبوایە، ئەم پرۆسە ماددییە، کەسێکی دیکەی، کە تایبەتمەندییەکی کەمتر یان زیاتر لە ترامپ، کەمتر یان دەندەتر لەو، یان بە لێهاتوویەکی زیاتر یان کەمتر لەو دەهێنایە ئاراوە و دەیخستە سەر شانی کەمپەینێتی و سیاسی و فیکری کەمپەینگە و سەر تەختی دەسەڵات. ئەمەش بەو مانایەیە کە لە سەرووی هەموو شتێکەوە، ئەوەی جەوهەرییە تێگەیشتنە لەو تەوەرە بنەڕەتییەی پرۆسەی مێژووییە کە بووتە هۆی ئەم گەڕانکارییە لە سیاسەتی ئەمریکا و ئەم گەڕانکارییە لە ئاستی سیستەمی سیاسی بەرژوازی جیهانی، کە بە دەرکەوتنی ترامپ بەرجەستە بووتەوە.

بەگومان ئەمەش هێندێ بەرچاوی ترامپ و بزووتنەوەکەی و (پارتی کۆماری) و ترامپیزم وەک فاکتەری خودی (ذاتي) نکۆڵی لە ناکات، لەووی کاریگەری و کارلێککردنیان لەگەڵ ئەو پرۆسە مێژووییەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە. واتە لەووی ئەو کاریگەرییەی کە هەیانبووە و دەیانبێت لەسەر هێوندی خودی ئەم پرۆسەیە، نەک تەنها لەووی هێندێی ئەوانەوە لە دروستکردنی ئەو فەرمە تایبەتەی کە گوزارشت لە قۆناغی نوێ دەکات لەم پرۆسە مێژووییەدا، بەڵکو لەسەر خودی هێوند و پرۆسەکەش. بۆیە شیکردنەوە و تێگەیشتن لە هێندێی ترامپ وەک تاک، و ترامپیزم وەک هێوت و حزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی و فیکری، لە بەهەڵزکردنی ئەو هەڵکشانە کۆنەپەرستییە جیهانییەی ئێستادا لەو بوارە جەراوجەرانەی باسم کردن، گرنگییەکی سەرەکی هەیە.

قەیرانی سەرمایەی ئەمریکی و سەرهەڵدانی ترامپیزم

ئەمە سەرمایەداریی ئیمپریالیستی ئەمریکی ئیتر ئەو پێگەیەی نییە کە دوای هەوخانی یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەدەستی هێنابوو، وەک تاکە زلهێزێک کە سەرکردایەتی جیهانی سەرمایەداری دەکرد. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەوی ئابووری و سەربازی و کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی بەرژوازی جیهانیدا هەشتا گەورەترین دەوڵەتی سەرمایەداریە لە جیهاندا.

ئەم واقیعە نوێیە و ئەم دابەزینە گەورەیە لە پێگەی جیهانی ئەمریکادا، واتایەکی زۆر گرنگیان هەیە و پێرەسەندنێکی چۆنایەتی نمایش دەکەن لە مەژووی سەرمایەداری جیهانی و گۆشەی ناکۆکیەکانییدا. ئەم گەڕانکارییە لە پێگەی ئەمریکادا لەناکاو هەوی نەداوە، بەڵکو بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژخایەن بووە، کە زیاتر لە چوار دەیە درێژەی کێشاوە، لە پێرەسەندنی خودی سیستەمی سەرمایەداری، کە شێوە و هەوداوی گەورەشی تیا هەوداوە، لەوانە هەوخانی یەکێتی سۆڤیەت، و پەیوەستبوونی هووسیا و وڵاتانی "بلۆکی هێزەکان" بە خولگەی سەرمایەداریی ئیمپریالیزمی هێژاوا و دینامیزمی کۆکبوون و جووڵەی سەرمایە لەسەر ئاستی جیهانی، بە سەرکردایەتی ئەمریکا.

بەم شێوەیە ئەم دۆخە نوێیە کە ئەمریکا لە ئێستادا بۆخۆیەوە دەبینێت، لە چوارچێوەی جووڵەی سەرمایەی جیهانی و گۆشەی جیاوازی (متباین)ی ئابووری سەرمایەداری لە وڵاتانی جیاجیای جیهان، و لە هێوندی پێرەسەندنی خودی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی و نەو پرۆسەی ئەم پێرەسەندنەی بە درێژایی دەیان ساڵ، سەریهەڵداوە. بە واتایەکی تر پێگەی ئێستای ئەمریکا خۆی بەرهەمی دەیان ساڵەی جیهانگیری و جووڵەی سەرمایە و کۆکبوون و پێرەسەندنی سەرمایەداریی بازاڕی ئازادە لەسەر ئەم مەودا (النطاق) جیهانییە، و بە پشتیوانی سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵییەکان کە دەوڵەتانی سەرمایەداری لەژێر سەرکردایەتی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی ئەمریکیدا گرتویانەتەبەر.

بەرنامە و پلاتفۆرمی سیاسی و ئابووری بەرژوا ئیمپریالیستی جیهانی لەو دۆرەیەدا، سەرباری ئەوەی لە دۆری فراوانکردنی بازنەی تایبەتیکردن (خصخصة) لە بوارەکانی بەرهەمهێنان، خزمەتگوزاری، پەیوەندیەکان، گواستنەوە و ... هتد دا دەسوایەوە، خەریکی لابردنی کۆنتڕۆڵ و هێگریەکانی (قیود) دەوڵەتی بەرژوازی و دامەزراوەکانی بووە لەبەردەم کۆکردنەوەی سەرمایە، و کردنەوەی بازاڕ و سنووڕکان، و شکاندنی هێگریەکانی بەردەم جووڵەی جیهانی سەرمایە بگشتی و سەرمایەی دارایی بتایبەتی، وەروەها لە پاڵ ئەمشدا و

هاوکات، خەریکی ئەنجامدانی شۆڕشکی چینایەتی توند و جیهانی بووە لە دژی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی و خەباتە بکۆمەڵکانی، و بە پلانوبەرنامەی خەریکی داماڵین و لەسەندنەوەی دەستکەوتکانی بووە لە ماف و ئازادیکانی و ئاستی باشبژیوی و بارودۆخی کارکردن و دەرفەتکانی کاری، ئەمە سەرباری ئاوەژووکردنەوەی بورژوازی جیهانی هەتا ئیستاش بەردەوامە لە لەسەندنەوەی ئەو خزمەتگوزارییە پێوەرەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتییە گشتیانەی کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە چینی کرێکار لەی بەهرەمەند بوو.
لە نێو ئەم پڕۆسەیەدا وڵاتان و بلۆکە ئابوورییەکانی دیکە دەستیان کرد بە گۆشەگیرکردن و لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە جگەیەی خۆیان کردەوە لەسەر شانەی جیهانی. بلۆکی ئابووری و نوودەوڵەتی سەریان هەڵدا، وەک یەکێتی ئەورووپا و بریکس و بلۆکی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. هەروەها ڕووسیا پگەی خۆی وەک هێزێکی سەربازی بەهێز لە سیستەمی بڕژوازی نوودەوڵەتیدا دووپاتکردەوە، و چین لە ڕووی ئابووری و سەربازی و سیاسییەوە بە خڕایی گۆشەی کرد؛ بە ڕۆژیکی بڕچاو گۆشەی ئابووری، تا ئەو ڕادەیەی کە بوو بە دووەم زلهێزی دوای ئەمریکا لە جیهاندا، چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی سەربازییەوە. لە ئەنجامدا سیستەمی جیهانی بوو بە فرە جەمسەری.
بەم شێوەیە ڕۆڵی ئەمریکا لەم ماوەیەدا، بە تایبەتی بە بڕاورد لەگەڵ چین، دابەزی و لە چوارچێوەی پرۆسەی پەرەسەندنی سەرمایەداریدا ڕووبەڕووی وڵاتانی دیکەی تازەپگەیشتوو و جەمسەرە سەربازییەکان و بلۆکە ئابوورییەکان بووەوە. ستراتیژ و بەرنامە و سیاسەتی ترامپ و ترامپیزم، بە شێوەیەکی بنەڕەتی، وەڵامێکە بە ئەم پگەیەی سەرمایەی ئەمریکی و سەرمایەداری ئیمپریالیستی ئەمریکی، لەنێو دینامیزم و توندوتیژبوونەوەی ناکۆکییەکانی سەرمایەداری جیهانی ئەمڕۆدا.
لەڕەوە وەڵامدانەوەی ترامپ و ترامپیزم بە ئەم جگەوپگەیەی سەرمایەداری ئەمریکی و دابەزینی ڕۆژیی لە پگەی جیهانیدا، ناوکۆکی سیاسەت و ئەجێندای ئەو پێکدەهێنەت، بەڵام ئەم ئەجێندایە، لە سەرووی هەموو شتێکەوە، ئەجێندایەکی سەرمایەداریە کە دژە کرێکاریە لە ناوخۆی ئەمریکا و لەسەر ئاستی جیهانی، و ئەمەش ئاوەیە کە لە درێژەی ئەم بابەتدا باسی دەکەین.
ترامپیزم وەک ڕەوت و باڵ و تەژێکی ئەلیگارشی سەرمایەداری، و پێوەندیی بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی و چینی کرێکارەوە
پێش ئاوەی بچینە ناو وردەکاریی سیاستەکانی ترامپ بڕامبەر بە ئابووری سەرمایەداری لە ئەمریکا، و وەڵامدانەوەی بە کێشەکانی ئەم

سیستەم، و ستراتیژی و سیاسەتکانی لەئاستی سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا، گرنگە، پەش هەڕ شتیك، پەیوەندی ئەم باڵە و ئەم تیۆرە بەرژوازییە ئیمپریالیستییە و ئەم هێزە سیاسی و فیکرییە نیوفاشیستییە بە سەرمایەی کۆمپانیاتی ئەمریکاوە، و لەوەش گرنگتر پەیوەندیی بە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی لەم وڵاتەدا، پەناسەبکەین.

ترامپ و بزووتنەوەکەی بە پێچەوانەی ئیدیعای "دیماگۆژی" و قسە "پۆپۆلیستی"یەکانیان سەبارەت بە بەرگریکردن لە بەرژەوەندی کرێکاران لە ئەمریکا و هەوڵەکانیان بە دابینکردنی هەلی کار بە مووچەی بەرز و دەرهێنانیان لە چنگی هەژاری و پەراوێزخستن، خودی ترامپ و بزووتنەوەکەی دوژمنانی سەرسەختی چینی کرێکارن، و دڕندەترین بەرگریکارانی سەرمایەی ئەمریکا و بەرژوازی گەورەی ئەم وڵاتن. ئەمەش ئاشکرا دیارە لە سیاسەتکانی ترامپ و پێکهاتەی حکومەتەکەی و هێکار و فەرمانە جەراوجەرەکانیدا کە بە دژی کرێکاران و گەنجان و ژنان و خوێندکاران و زەربەی جەماوەرە.

ترامپ نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکی سیاسی و باڵکی نیوفاشیست دەکات لەناو بەرژوازی ئیمپریالیستی ئەمریکی و هێزە کۆمپانیاتی و سیاسی و فیکرییەکانیدا. لە هەمان کاتدا، دوای ئەوەی هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هات، هاستەوخۆ و بە پلەی یەکەم نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی ئەلیگارشی دەکات لە کەرتی دارایی، وزە، تەکنەلۆژیای بەرز و سەربازی و خانووبەرە، لە نیو سەرمایەی کۆمپانیاتی ئەم وڵاتەدا. بەم مانایە نوێنەری هاستەوخۆی تێژەکی دیاریکراوی سەرمایەدارانە. ئەمە هەوون و ئاشکرایە و ترامپ لە هیچ کەسێکی نەشاردەتەوە، و لە هەموو سیاسەت و وتار و فەرمان و کردارەکانیدا هەنگدانەوەی هەیە، و لە ئیمتیازەکانیشدا کە بەم تێژە دەبەخشێت بە بەرهەوبردنی وڵات لە بوارە جیاوازەکانی ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسیدا، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی ئەمریکا. ئێستا (١٣) ملیاردێر لە ئەرگانە جیاوازەکانی بەرهەوبردن لەخەدگرت و سامانی کەی دەوڵەمەندترینیان لە (٤٦٠) ملیار دۆلار تەدەپەڕێنێت، کە لەنەویاندا (ئیلۆن ماسک) بەرجەستەیە.*

ترامپ و بزووتنەوەکەی ستراتیژی و سیاسەتکیان گرتەبەر کە تەوەرەی سەرەکیی بەهێزکردنی هێزی ئابووری و سیاسی و سەربازی ئەمریکایە لەسەر ئاستی جیهانی، ئەمەش بە دروستکردنی هەلومەرجی ئیستغلالکردنی زیاتری چینی کرێکار و ژینگەیەکی وەبەرهێنانی سوودمەند بە سەرمایە لەناو ئەمریکادا، و پشتیوانیکردن لە پشبڕکێی چەک و زیادکردنی وەبەرهێنانی سەرمایە لە کەرتی سەربازی و پیشەسازییەکانی جەنگ، و پەرەپێدانی "تەکنەلۆژیای سەربازی

بەرز"، و هێروەها بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە وەبەرهێنانی سەرمایە و پەرەپێدانی ئامێری جەنگی دەوڵەت بە زامنکردنی باڵادەستی سەربازی ئەمریکا بەسەر ئەکتەرە جیهانییەکانیدا، بەتایبەتی چین.**

بە گەیشتن بەم ئامانجە سەرمایەدارییە ئیمپریالیستییانە، چ لە ئەمریکا و چ لەسەر ئاستی جیهانی، ترامپیزم و ئەم کوتلە بەرژوازییەی کە ئێستا چارەنووسی کۆمەڵگایان کۆنترۆڵ کردووە، وەک هێزوت و نەریتێکی سیاسی و فیکری بەرژوا ناسیۆنالیستی و نیوفاشیست، بەرنامە و ستراتیژێکی سیاسی نیو-فاشیستیان گرتەبەر. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەستیان کردووە بە کارکردن بە دامەزراندنی ژێمێکی سیاسی بەرژوازی بە ئایدەلۆژیایەکی فاشیستییەوە کە بە تووندی دژایەتی کۆمۆنیزم و ئازادی و یەکسانی و ماف و ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکانی تاکەکەسان دەکەن. هێروەها دژایەتی ژنان و ژگاربوونیان دەکەن و نوقمی پراکتیکی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەنگی پێست و ڕەگەز و عەقیدە و نەتەوەن، و بەکورتی دژایەتی هەموو شتێک دەکەن کە پێوەندییان بە ژگاری مرۆڤ و هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە چینی کرێکار و ژگاریخوازان لەو بوارانەدا بەدەستیان هێناوە.

ئەم بەرنامەیە، و ئەم ستراتیژە نیو-فاشیستییە، ئامراز و سیاسەت و پلانی پراکتیکی ئەم باڵە سەرمایەدارییە بە ڕەکخستنەوەی ماڵی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئەمریکا و دەستبەرکردنی بەردەوامی باڵادەستی ئەم سەرمایەیە بەسەر چارەنوس و توانایەکانی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی لەناو دێی سەرمایەداری جیهانی قێرانـاوی و ناکۆکییەکانیدا. وە وەڵامدانەوەی سیاسی و ئایدەلۆژییە بە کۆشش و گرفتکانی سەرمایەی ئەمریکی لە دونیای سەرمایەداریی ئێستادا کە بە پەرەسەندنی ناکۆکییەکان و تووندوتیژبوونەوەی کێبڕکێ و پەرەسەندنی بەردەوامی ململانێ جیۆپۆلەتیکی و جیۆئابووری و جیۆستراتیژییەکان تایبەتمەندە.

بەگشتی ئەم فەرمە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە لەسەر بناغەی زیاتر چەسپاندن و فراوانترکردنی باڵادەستی پێوەندیی سەرمایە و سیستەمی کاری بەکرێ (العمل المأجور) و خاوەندارێتی تایبەتی بەرژوازی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، بنیات نراوە. ئەمەش هاوستوخێ و بەتووندی دێبەستێتەوە بە بەها و چەمکە لیبراڵەکانی بەرژوازی کە خاوەندارێتی تایبەتی بەرژوازی لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی پیرۆز دادەگرن. بەم مانایە ترامپیزم درێژەپێدەری لیبرالیزمی بەرژوازی و تەنانەت (پارتی دیموکراتی) ئەمریکییە لە ڕووی بناغەی چینایەتی بەرژوازی و بنەماکانی سیستەمی چەمکی

بەرژوازی لیبرالی و ئایدیالۆژیا و فەلسەفەی بنەڕەتییەوە. تەنیا بە ستراتیژی سیاسی و ئاو فۆرمە سیاسی و ئایدیالۆژییە تایبەتە - نیوفاشیزم- جیا دەکرێتەوە کە ترامپیزم بە وەڵامدانەوەی گرمۆکشۆکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەم سەردەمە مێژوویییدا گرتوبەبەر.
پێزبەندی دوو باڵ و دوو هێوت و دوو حیزبی ناو ئەردوگای بەرژوازی، لە سەربنەمای جیاوازی یان لێکچوونەکانی نێوانیان بە شێوەیەکی فۆرماڵی، بەس نییە بە دیاریکردنی پێوەندیی هیچ کامیان بە سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە پێویستە توخمێکی دیکە، ئاویش جەمسەری چینایەتی دژبەر، واتە چینی کرێکار، بخرێنە ناو لێکدێنەوە و شیکردنەوە بە ئاوەی بە هوونی لەم پێوەندییان تێبگەین.
وەڵامی ئاوپرسیارەی کە ترامپ و بزووتنەوەکەی چ پێوەندییەکیان هەیە لەگەڵ سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئەمریکادا؛ مەبەستم لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتییەکانی بەرژوازی لە ئەمریکادا، دەتوانرێت لە دەستنیشانکردنی پێوەندییەکانی ترامپیزم بە چینی کرێکارەوە ببینینەوە.
بەڵێ وەڵامی ئاو پرسیارە لە وردەکاریی ژمارە و بەڵگەکاندا نییە سەبارەت بەوەی کە ترامپ و بزووتنەوەکەی تا چەند نوێنەرایەتی بەرژەوەندی تاک سەرمایەدارەکان دەکەن و ئاو تاوژە جەراوجەر و بەشومارانەی سەرمایە کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی- واتە سەرمایەی ئەمریکی- بەسەریدا دابەش بووە، هەرچەندە ئەمە زەر گرنگە، بەڵکو بە پلەی یەکەم لە دەرکپێکردنی (معرفة) ئاو پێوەندییەدایە کە ترامپ و بزووتنەوەکەی لەگەڵ جەمسەری دژبەر لەناو سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا هەیەتی، کە سەرمایە ناتوانێت لەی جیابێتەوە، واتە لەگەڵ کار و بەم پێیەش لەگەڵ چینی کرێکاردا. بە کورتی وەڵامی پرسیارەکە لە پێوەندیە دژایەتییە کردارییەکەی بزووتنەوەی ترامپ دایە لەبەرامبەر چینی کرێکاردا وەک چینێکی کۆمەڵایەتی.
لەم چوارچێوەیەدا دەبینین کە سەرۆکایەتی هەموو ئاو ئیدیعایانەی کە ترامپ و چالاکوانانی بزووتنەوەکەی سەبارەت بە پشتیوانیان لە چینی کرێکار دەیکەن، و بە تایبەتیش بانگەشەکردنیان لە بەرگریکردنیان لە کۆمەڵێکی دیاریکراویان؛ "کرێکاری سپی پێست" و "کرێکارانی زیانلێکەوتوو" بەهەی کاریگەریی وەرانکارەکانی جیهانگیریی، و حوکمەانی بەرژوازی لیبرال و دامەزراوە لیبرالە دەسەاتدارەکان لە ئەمریکا، و حوکمەانی نوێنەری سەرکی خێان، حزبی دیموکراتی ئەمریکی، سیاسەتە ئابووریە سەرکییەکانی ترامپ و هاوتەکەی و ستراتیژی سیاسی و فیکریی ناوەندیان بریتییە لە دژایەتیکردنی

چینی کرێکار لە هەموو بەرەکان و لە ئاستە جیاجیاکاندا کە ئەمانەن:
زەوتکردنی مافەکانی چینی کرێکار، ئیفلیجکردنی وزەی خەباتکارانەی بزووتنەکخراو و دەستەجەمعیان و تووندوتیژکردنەوەی فشار لەسەر سەندیکاکان و فیدراسیۆنەکان و خەباتی ئەم چینە وەک مانگرتن و خۆپیشاندان و ناسەزایەتیەکانیان، کەمکردنەوەی باج لەسەر سەرمایەدارە گەورەکان، بەتایبەتی ئەوانەی نزیکن لە ترامپ، و هەر لەم ڕاستایەشدا نیمچە دەستبەرداربوون لە سیستەمی پشتیوانی کۆمەڵایەتی و بیمەی تەندروستی، و داخستنی وەزارەتی پەروەردە، و دەرکردنی کرێکاران و فەرمانبەران لە دایرەکانی حکومەتی فیدراڵی، و تێکدانی (شق) ڕیزی خەباتی چینایەتی کرێکاران لەسەر بنەمای ڕەنگ و ڕەگەز و جنس، و تیکەماندنی هەموو ئەو شوناسوارانەی کە ماونەتەوە لە باشبژێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی جەماوەری کرێکار، ئەمە سەرەڕای تایبەتکردنی هەرچی ماونەتەوە لە خزمەتگوزاریەکانی کەرتی گشتی. هاوکات لە گەڵ ئەمانەشدا فراوانترکردنی سەرکوتی دەوڵەت و ڕەوشونەی پۆلیسییەکان و لابردنی میکانیزمە یاساییەکان کە سنووردارییان دەکەن، و ئەمەش بە ڕوونی دیارە لە کەی سیاسەت و شیوازە نیوفاشیستییەکانیاندا.
بەم پێیە ترامپیزم قۆناغێکە لە تووندوتیژکردنەوە و چەکردنەوەی ئیستغلالکردنی چینی کرێکار و سەپاندنی پاشکۆیەکی زیاتر بەسەریدا، و زەوتکردنی ماف و ئازادی و دەستکەوتە مێژوویەکانی، بەمەش شکاندنەوەی بارگرانی قەیرانی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی لە ئەمریکادا هەم بەسەر شانی چینی کرێکاری ئەمریکی و هەم جیهانیش.
"بەرنامەکەی ترامپ ئەو سیناریۆیە پێیدەڵێت کە لە پرۆژەی ناوزەاوی (سیئ السمعة) (۲۰۲۵)دا هاتووە، کە لەلایەن دامەزراوەی (هیریتیج) داڕێژراوە، کە لە ساڵی (۱۹۷۳) دامەزراوە، لە سەرەتای گەڕبەیزەی سەرمایەداری و دژە شۆڕشی نیولیبراڵدا. ئەم سیناریۆیە داوای هەڵوەشاندنەوەی هەرچی ماونەتەوە لە شێنەواری ڕەساکانی دەوڵەتی ڕەکخراوەیی (Regulatory State)؛ و بە تایبەتکردنی ئەوەی کە لە کایەی گشتیدا دەمێنێتەوە؛ بەینی قەبەی خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانەش هەڵاوشەی کەمکردنەوە و بە تایبەتکردنی بیمەی (ضمان) کۆمەڵایەتی؛ کەمکردنەوەی باج لەسەر سەرمایە و دەوڵەمەندەکان، و فراوانکردنی دامودەزگای سەرکوت و چاودێری دەوڵەت، سەپاندنی هەموو ئەمانە بە تێپەڕاندنی ئەو چەند میکانیزمەی کە ماونەتەوە بە لەپرسینەوەی دیموکراسی."***

ترامپ و هەرچی زیاتر نیولیبرالیزمی ئابووری، و ناکۆکیەکانی

گۆشەگیریی ئابووری نەتەوەیی

ترامپیزم، لە ڕوانگەی ئابووریەوە، لە فراوانبوون و قووڵبوونەوەی زیاتری (تاچەریزم) و (یگانیزم) شتێکی تر نییە، بەڵام لە سەردەمێکی جیاواز و فۆرمێکی وەرانکەرتردا؛ واتە ئەنجامدانی نیولیبرالیزمی ئابووری بە شێوەیەکی چەند هێندەتر لە لایەن و بوارە جیاوجۆرەکاندا. ئەولەویەتی سەرەکی ترامپ هەرچی زیاتری ئەم سیاسەت و هەرشانەیە بە سەر کرێکاران و سەرجەم چەوساوەکان و زێرینەی جەماوەر، و بەمپەیەش بە سەر کەمینگا. ئەمە و ئامانجی گەینی هەرچی زیاتری دەوڵەتە بە ئامرازێکی ئاشکرای چەوساندنەوەی چینایەتی لە خزمەت سەرمایە و سەرمایەداری و کەڵکەبووونی سەرمایەدا، بەبێ هیچ پابەندبوونێک بە خۆشگوزەرانی چینی کرێکار و زەربەی جەماوەرەوە.

دروشمی سەرەکی ترامپ کە بریتییە لە "جارێکی دیکە ئەمریکا گەورە بکەینەوە" و بەهێزکانیشی بە دابینکردنی هەلی کار بە کرێکاران و پەرەپێدانی ئابووری ئەمریکا لە ڕێگەی هاندانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و گەڕانەوەی سەرمایەی ئەمریکی و فرەنەتەوەیی بە وەبەرهێنان لە ئەمریکادا، لە بناغەدا درێژکراوەی ئەو سیاسەتانەیە کە هەمیشە لایەن دوو پارتی دەسەڵاتدار لە ئەمریکا و هەروەها حزبەکانی دیکەی وەتانی جیاوجۆری سەرمایەداری گیراونەتەبەر، لە ڕووی پێدانی ئیمتیازات و لەخۆشبوون لە باج و ئاسانکاری یاسایی بە سەرمایە و کەمپانیا ئەمریکی و نوێدووەتییەکان بە وەبەرهێنان لە ناوخۆی ئەمریکا و ئەو وەتانەدا. بە هەر حال، گەیشتن بەم ئامانجە بە سەپاندنی باج لەسەر کاڵا هاوردەکراوەکان سیاسەتێکی پڕ لە ئاڵۆزی و ناکۆکییە و دەبێتە هۆی خراپتربوونی بارودۆخی ژیانی کرێکاران کە هەر ئێستا خۆی خراپە.

سیاسەتی گۆشەگیری ئابووری نەتەوەیی (الانعزالیة الاقتصادیة القومیة)، بە سەپاندنی باج لەسەر کاڵا هاوردەکراوەکان و ڕێگریکردن لە هاتوچۆی ئازادی سەرمایە و کاڵاکان، لە بنەڕەتدا سیاسەتێکی سەرمایەداریی قەیرانگرتووە و ناتوانێت وەڵامی ئەو کێشە و ناکۆکییە بنەڕەتییە بداتەوە کە لە خودی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پرۆسەی کەڵکەبووونی سەرمایە و کێشکانی کەڵکەبووندا هەیە. جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە ئابووریە تەنیا ئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە بارگرانی قەیرانی سەرمایەداریی ئەمریکا بخاتە سەر شانی چینی کرێکار و نزمکردنەوەی ئاستی باشبژێویان لە ڕێگەی هەڵاوسان و گرانی تێچووی ژیانەوە.

گەڕانەوەی سەرمایەی "ئەمریکی" و هاندانی سەرمایەی "بیانی" بە وەبەرهێنان لە ناخی ئەمریکادا بەو هۆیە بەدەست دێت کە

بارودۆخی ئیستغلالکردنی کاری کرێکاران تونددوتیژترێ و حەقدەستکانیان کەمترێ و ئاستی خۆشبژێویان نزمتر بێت. بەپێی پێوەندی نێوان سیاسەتی ئابوریی کانی ترامپ بە کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە شتێک نییە جگە لە ئیستغلالکردن و چەوساندنەوەی زیاتری ئەم چینە لە بوارە جیاجیاکاندا، ئەمش وادەکات کە هەردەم هووبووی ئیستغلالکردنی دەندانە ببنەوە لەلایەن سەرمایەوە.
هاندانی ترامپیزم بە بیرکەی شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستی، گرتنەبەری کۆنەپەرستی ئایینی مەسیحی، پراکتیزەکردنی شۆڤێنیزمی ئایینی لە دژی کۆچبەران و پەنابەران و دروستکردنی ناتەبایی لە نێوان تووژە جیاوازەکانی چینی کرێکاردا، هەمووییان بەشێکن لەم ستراتیژە کۆنەپەرستانەیە دژی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش لە ئەمریکادا.
هێروەها، هاوپەیمانی ڕووتی ترامپ و پاپشتیی سەرسەختی لە نیو-فاشیستەکان لە ئەوروپا، ئەمریکای باشوور، و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و باقی جیهان، بەشێکە لە ستراتیژە نیو-فاشیستیە بەرژوازییەکەی بە دژی پرۆلیتاریا و کەمینیزم. لەم چوارچێوەیدا ڕووتی ترامپ نێک هێر لە هێوڵی بەهاوکردنەوەی نیو-فاشیزمە لە سەرانسەری جیهاندا و هاوپەیمانی دەکات لەگەڵ پارت و ڕێوتەکانی و پشتیوانییان لەدەکات بە هەموو شێوەیەک، بەڵکو دژایەتی هەرچی ئۆپۆزیسیۆن دەکات کە ماوەتەوە لە شوێنەوارەکانی سازشی چینایەتی بورژوازی دەسەڵاتدار بە تایبەتی لە ئەوروپا لە بەرامبەر چینی کرێکار و ئازادیخوازاندا، ئەمش وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بە داخستنی فایلی سیستەمێکی سیاسی کە ناوی "سەسیال دیموکرات"ە لە هەندێک وڵاتانی ئەم کیشوەردا.

ترامپ و ململانێ جیۆپۆلیتیکیەکان و هاوپەیمانی ناتۆ

ئەوە ڕوونە کە ترامپ بە پێی کارنامە و ئەولەویەتەکانی دەیەوێت دەسەڵات و کاریگەری ئەمریکا وەک گەورەترین دەسەڵاتی ئیمپریالیستی جیهان بخاتەوەسەریەک. دابەزینی ڕێژەی جیهانی ئەمریکا پێویستی بەوەیە کە ترامپ و ڕێوتەکەی سیاسەت و پلانێک دابڕێژن وپراکتیک بکەن کە لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەدا بگونجێت. لە ڕوانگەی ترامپ و ئەم ڕێوتەوە، هەر وەک ئاشکرایە لەو سیاسەت و پڕۆژە و پلانانەی کە پێشنیاری دەکەن، دەیانەوێت قەرزە زەبەلاحەکانی وڵات کەم بکەنەوە کە گەیشتۆتە چەند تریلیۆن دۆلارێک. لەم چوارچێوەیشدا، ئەوان بەردەوامن لە بەینی هەموو ئەو شتانەی کە "زیادە" و "ناپێویست"ن، و لەوانە دەستبەرداربوون لە پابەندبوونە سەربازی و ئەمنییەکان و دارایییەکانی ئەمریکا بە دەستبەرکردنی "ئاسایشی نەوەوڕێتی" هاوپەیمانەکانی، لەنێویاندا وڵاتانی ڕۆکخراوی پەیمانی باکووری

ئەتڵەسی (ناتۆ).
هەروەها ترامپیزم فۆکوس(یرکز)ی لەسەر بەهێزکردنی پێگەی سەرمایەداری ئەمریکی و دەوڵەتکۆیەتی لە ژینگەی کیشوەریەکیدا، بە فشارخستنە سەر کەنەدا و پەنەما، و هەوڵدان بۆ کۆینی (گرینلاند) و هۆشوێنی دیکە، کە بە تەواوی هێنگدانەوەی دابەزینی هێزی ئەمریکا و گرنگیدانیەتی بە ناوچەکانی دەوروبەری. لە هەمان چوارچێوەدا (السیاق) وازهێنان لە پابەندبوونی ئەمریکا بە دابینکردنی ئاسایش بە هاوپەیمانانی لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی سەرمایەی نەتەوەیی ئەمریکا.
سیاسەت و ئەولەویەتکانی ترامپ بەرامبەر ناوچە جەربەجەرەکانی جیهان، سەرەڕای هەندێک چاوپێشی (ئیستسنا) بەتایبەت سەبارەت بە ئیسرائیل و هەوبەووبوونەوەی ئێرانی، لەسەر بنەمای ئەولەویەتی ململانێی لەگەڵ چین و پەرەپێدانی توانا تەکنەلۆژی و سەربازیەکانی ئەمریکا و زیادکردنی خەرجیەکان لەو بوارانەدا وەک بەشێک لە ئامادەکاریەکان بۆ هەوبەووبوونەوەی چین، دایژراون.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەوانە، سیاسەتی ترامپ لەم هەوەڵە جیاوازیەکی بەرچاوی لەگەڵ ئەولەویەتکانی دامەزراوەی دەسەڵاتداری ئەمریکا نییە. ئەم دامەزراوەیە و هەردوو پارتە گەورەکەی (کۆماری) و(دیموکرات) لەسەر ستراتیژی ئەولویەت دانانی ململانێکان لەگەڵ چین کۆکن، هەرچەندە دیموکراتەکان دەستبەرداری بەشداری سەربازی و دارایی خۆیان بە دەوڵەتانی هاوپەیمانانیان لە جیهاندا، نەبوون.
هەنگاوی ترامپ بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ئۆکرانیا، ئیمتیازدانی بە هەوسیا و هێکەوتنی لەگەڵیدا، بەبێ بەشداریکردنی یەکێتی ئەوروپا و بەریتانیا و ئەندامانی ناتۆ، و کشانەوەی لە دابینکردنی پاراستنی سەربازی ئەوروپا لە ململانێی جیۆپۆلەتیکی لەگەڵ هەوسیا و هاوپشکانی دیکە، هەموو ئەمانە نوێنەرایەتی گۆڕانکاری بەرچاو و چەنایەتی لە پەیوەندییە نەودەوڵەتییەکان و پێگەی ناتۆدا دەکەن.
ترامپیزم و سیاسەتە جیۆپۆلەتیکی و ئابووری و جیۆستراتیژکانی بوونەتە هۆی هەوەدانی لەرزینەکی گەورە لە پێکهاتەی نەزمی سیاسی نەودەوڵەتی بەرژوازی کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە زاڵ بووە، و ئەمش تەعبیرە لە قۆناغێک کە دابەزینی هێزی سەرکردایەتی ئەمریکایە بە سەرمایەداری جیهانی و هاوپەیمانییە نەودەوڵەتییەکان، و گواڵنیکی دیاریکراوە لە نەزمی سیاسی جیهانی بەرژوازی کە تا ئیستا ئاشنا بووین پێی.

قەیرانی سەرمایەداری و ئەجێندای ترامپ، پێگەی ئەمریکا لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا

بەشێک لە لیبرالە بەرژوەندیخوازەکان کە لە پارتی دیموکراتی ئەمریکی و بزووتنەوەکەی باندا لەکخراون، وەهمیان هەیە و چاوەڕێی کۆتایی هاتنی ماوەی سەرکایەتی ترامپ دەکەن، بەو هیوایەی کە گەردەلولی فەرمان و بڕیارەکانی "بە ئارامی" تێپەڕێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە قووڵایی دڵیاندا دووەن، بەو پێیەی درک بەوە دەکەن کە ترامپیزم بەرنامە و ستراتیژێکی دیاریکراو پشکێش دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سەرمایەداریی هاوچەرخ لە ئەمریکا، و توانیویەتی نێک تەنها بەشێک لە کەمەگا لە ئەنجامی وەهم بە سیاسەتە "پۆپۆلیستییەکانی" بۆ لای خۆیدا ڕابکێشێت، بەڵکو تەنانەت بەشێکی کاریگەر لە چینی دەسەڵاتداری بەرژوازی بۆ خۆی ڕابکێشێت، ئەمە جگە لە ڕیزی یەک لە دوای یەک لە ئەلیگارشی دارایی و تەکنەلۆژی و ئەوانی تر. ئەوە هەونە کە هێوتی ترامپ بووەتە خەتی باڵادەستی بەرژوازی ڕەکخراو لەنێو پارتی کۆماری و لەناو تۆڕێکی گەورەی بەرژوا ئیمپریالیستی ئەمریکیدا، کە ئاکام و کاردانەوەی هەیە لە سەر ئاستی ئەمریکا و جیهان.

ئەمەش بەو مانایە کە ترامپیزم دیاردەیەکی فراوانتر و گرنگترە لە بردنەوە یان دۆڕان لە هەڵبژاردنەکدا، چونکە سەرهەڵدانی ترامپ خۆی هێنگدانەوەی پەرەسەندنی ململانێی چینایەتییە کە لەناو ئەمریکا و لە سەرانسەری کەمەگادا هەوودەدات. ململانێیەک لەسەر ئەوەی کە چ جۆرە سیاسەت و ستراتیژێک پەداویستییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی سەرمایەداری ئەمریکی لە جیهانی ئێستادا جێبەجێ دەکات.

بەم مانایە ئەوەی ئێستا ترامپ و بزووتنەوەکەی دەیکەن تەنیا کردار و سیاسەتی دیاریکراوی دەورەیەکی پەرلەمانی (پارتی کۆماری) نییە، بەڵکو وەڵامێکە بۆ کێشەوگرفتکانی گێشکردن و پەرەسەندنی سەرمایەی ئەمریکی. بۆیە بەرژوازی لیبرال کە لە لایەن پارتی دیموکراتەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، ناتوانێ بەر بەو شۆپڵی گەڕانکارییە بگرێت کە بەرنامە و ستراتیجی ترامپ هێناویەتییە ئاراوە. ئەم گەڕانکاریانە نێک تەنها لەناو ئەمریکادا، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش کاریگەرییان دەبێت. لەم چوارچێوەیدا دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە بەسەر ناتە و هێزی ئەمریکا تیایدا هەویدا و ڕوودەدات، بکرێت، کە دەبینین ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ سەردەمی پێشووی. هەر بەمپێیە مەحاڵە ئەو بەردە پتەوە شکاوە کەبکرێتەوە کە ناتە و سیستەمی ئەمنی و سیاسی ئیمپریالیزمی هەژاوا لەسەری وەستابوون. هاوپەیمانییەکیان پێویستی بە پایە و بەردێکی دیکە هەیە لەسەری بوەستن بەڵام بە دنیاییەوە پتەو نابێت.

بەگەی مەژووییە هەیە لەسەر ئەوەی کە چۆن هێوندی سیاسەت و

گەنکاریەکان کە باسکی دیاریکراوی بەرژوازی بە شکستن و پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری هێناویەتیە ئاراوە دواتر کاریگەریی جیهانی بەجێدەهێڵی. تەنی بلەر لە بەریتانیا و بیل کلینتۆن لە ئەمریکا، دوای سەرکەوتنیان بەسەر حزبی کۆنسیرڤەتیڤ و حزبی کۆماری لە وڵاتەکانیان، بەرنامەی ئابووری تارچەریزم و نیگانیزمیان نەگۆڕی. بە پێچەوانەوە هەمان بەرنامەیان جێبەجێ کرد، تەنانەت بە بەدەستکاریکردنی فەرمانی ئۆتۆش کە شایانی باس بێت، و بەرنامە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی خەیانیان ناو نا "نیگای سێیەم".

بەدەر لە هەلومەرج و کاتی جیاواز، هەمان دیاردە پێدەچێت دووبارە ببێتەوە. ترامپیزم بە جۆرێک لە جۆرەکان بووەتە بەرنامە و ستراتیژی و پلاتفۆرمی بەرژوازی ئیمپریالیستی لە ئەژئاوا و لە وڵاتانی جیهانی هاوپەیمان لەگەڵیدا. پارتە لیبراڵەکانی بەرژوازی لە ئەوروپا و شوێنەکانی دیکەش هەمان ئەو ترسە دەبینن کە ئێستا دەیگەڕێن کە ئەویش لەباربردنی هەر بزووتنەوەیەکی شۆشگێڕانەیە لەلایەن پرۆلیتاریا بە تایبەتی دەسەڵاتی سەرمایە و سیستەمی بەرژوازی جیهانی لە جۆرگەی قەیرانی سەرمایەداریی جیهانیی ئێستادا، لە هەمان کاتدا پلاتفۆرمی ئابووریی ترامپیزم بە هەندێک دەستکاریی تایبەتەوە دەگرنەبەر.

ئیتنۆرناتیڤی پرۆلیتاری سۆسیالیستی ئینتیرناسیۆنالیست و ترامپیزم قەیرانی سەرمایەداریی هاوچەرخ بە پلەی یەکەم لە پەرسەندنی ناکۆکی نێوان گۆشەسەندنی زەبەلاحی هێزە بەرهەمهێنەرە مادییەکان و پێوەندییە سەرمایەدارییەکانی بەرهەمهێنانەیە کە کێنرێیان دەکەن. ئەم ڕاستییە سادەیە، کە مارکس (۱۷۷) ساڵ لەمەوبەر لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەریخستووە، بە چەند ملیارێک کرێکاری ئەمڕۆ لە سەرانسەری جیهاندا بووەتە واقیعێکی پێ ئازار و فێلاکتبار، کە ژنان و هەموو ساتێک بەدەست کاریگەرییەکانی هەژاری و چەوسانەوە و بێکارییەوە دەناڵێنن، کە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی هاوچەرخ پێکدەهێنن.

هەموو ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمڕۆ بە زەقترین شێوە خەیان دەردەخەن و دەبینیین لە بازاڕە دارایییەکان و بەرسە و بانکەکانی جیهاندا بڕێکی بڕئەندازە پارە هەیە کە دەگاتە دەیان و دەیان تریلیۆن دۆلار، کە ناتوانرێت دەرفەتی وەبەرهێنانی قازانجی گونجاو بیان بدۆزنەوە، بە هەی مەیلی دابەزینی ڕێژەی قازانجی سەرمایە لە ئەنجامی پەرسەندنی هێزی بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان لە سیستەمی سەرمایەداریدا. واتە بە هەی ئەوەی کە

پێکهاتەی ئەرگانیکی سەرمایە بە جۆرێک کە بەشێ سەرمایەی جێگیر کە بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان خەرج دەکرێت بە بەراورد بە سەرمایەی گۆڕاو کە بە هێزی کاری کرێکاران خەرج دەکرێت زۆر زیاترە.

قەیرانی ئابووری جیهانی ساڵی (۲۰۰۸-۲۰۰۹) و پەتای (کۆڤید-۱۹) ئەم قەیرانە پێکهاتەییەی لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا تووندوتیژتر کردووە و بووتە هۆی چەربوونەوە و فراوانتبوونی ململانێی جیۆپۆلەتیکی، جیۆئابووری و ستراتیژی لەسەر کۆنترۆڵکردنی بازاڕی جیهانی و ناوچەکانی جێگەی نفوز (مناطق النفوذ) لە نێوان سەرمایەکانی وڵاتانی سەرمایەداری جەراوجەردا. ترامپیزم تەنیا دیاردەیەکە لە جەرگەی ئەم گۆڕانکارییانە و تووندوتیژبوونەوەی ململانێ جیهانییەکاندا و نوێنەرایەتی سەرمایەی ئەمریکا دەکات لە کۆشمەکۆشی جیهانیدا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی و بە گۆڕاندنەوەی پێگەی جیهانی خۆی.

لە کاتێکدا کە ترامپ بانگەشەی دیماگۆژیانەی خۆی بە "ئاشتی" جیهانی ڕادەگەیەنێت و دەستپێشکاری دەکات بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕە لە ئۆکرانیا، بەڵام بە ئاشکرا پشتگیری لە حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل دەکات لە بەردەوامی کەمپەینەکانی لە غەزە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، فەرمانی هێرشی ئاسمانی ئەمریکا بۆ سەر حوسییەکان لە یەمەن دەدات و بەدوای چەکەرەکردنی بکەمپەینی دانیشتوانی غەزەوەیە. جگە لەوەش داوا لە هاوپەیمانانی ئەورووپیەکانی و ئەندامانی (ناتۆ) دەکات کە تەرخانکردنی بودجەی سەربازییان بۆ لە سەدا پێنج (۵%)ی بەرهەمی ناوخۆیی خۆیان زیاد بکەن. زیادبوونی چەک لە هەمان کاتدا تۆوی شەڕی نوێ دەچێنێت و ئامادەکاری بۆ شەڕی کوشندەتر دەکات.

پەرەسەندنی سەرمایەداریی هاوچەرخ و مۆدێلە نیولیبراڵەکەی، تۆڕێکی گەورەی مرۆڤایەتی پاپیوناوە بە قوڵایی هەژاری و بێکاری و بێبەشی، و کردووەتە پرۆلیتاریایەکی بێبەش لە خاوەندارێتی لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و لە سەرتاییترین خزمەتگوزارییەکان و خۆشگوزەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی. هەروەها بووتە هۆی وێرانکاری ژینگەی گونجاو بۆ ژیان و کاریگەریی کارەساتبارەکانی زیاتر کردووە.

ڕزگاربوون لەم سیستەمە لە ڕێگەی گۆشەی بزووتنەوەیەکی پرۆلیتاری سۆسیالیستی ئینتیرناسیۆنالیستی بەهێز و بەتواناوە دێت کە لە ڕێگەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕزگاریخوازانەی خۆیەوە، پێکهاتەی سیستەمێکی باشتر دادەمەزرێنێت کە وەڵامی گۆشەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرە مادییەکان و وەبەرهێنانکانیان دەداتەوە لە

بەرژەوەندی ژگاری مرۆڤ و خۆشگوزەرانی و یەکسانی و پاراستنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ژیان.
دابەزینی پلەی سەرکردایەتی ئەمریکا لە پاراستنی سیستەمی سەرمایەداریدا، نوێنەرایەتی قەیرانێکی قوول و بەربڵاو دەکات بۆ گەورەترین دەوڵەتی سەرمایەداری ئیمپریالیستی لەسەر زەوی، و ترامپیزم خۆی توخمەکانی ئەم قەیرانەی، لەهەموو ڕەهەندەکانیدا، هەڵگرتووە. بەیەکەوەامدانەوەی ئەو بە کێشەکانی ئەم سیستەمە نوقمی کێنەپەرستییە و بەپلەی یەکەم ئامانجی ڕاگریکردنە لە ئۆگەری هەر گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیستی کە ڕەنگە لە ئەمریکا یان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا سەرهەڵبدات.
لە جەرگەی خەباتی چینایەتی جیهانیی پرۆلیتاریا لە دژی سەرمایەداری، ترامپیزم و ئەو هێڵکشانە کێنەپەرستانە جیهانییەی کە نوێنەرایەتی دەکات، و ڕۆڵی دامەزراوەی دەسەڵاتداری بەرژوا ئیمپریالیستی ئەمریکی، بەربەستێکی گەورە لە بەردەم شۆڕشی سۆسیالیستی ئەم چینە جیهانییە پێکدەهێنن.
کاریگەرییەکانی ئەم هێڵکشانە کێنەپەرستانەیە لە وڵاتێکی بەهێزی وەک ئەمریکا و پلەی لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیدا، پرۆلیتاریای جیهانی و بزووتنەوەی کۆمۆنیستەکەی ئاستوخێ و لە هەموو شوێنکدا دەخاتە ووبەرووی ئەم شپرزەیە کێنەپەرستانەیەوە. ئەمەش پێویستی بە گەورەترین پلەی خۆ چەکدارکردنە بە تیۆری ماتریالیستی دیالێکتیکی شۆڕشگێڕانەی مارکس بە تێگەیشتن لەوەی کە چی ڕوودەدات، و دیاریکردنی پلەی ترامپیزم لەناو ئەم ماجرایەدا، و گرتنەبەر و جێبەجێکردنی سیاسەتی کۆمۆنیستی بەوپەڕی ئیرادەوە لەنەو جەرگەی ململانێی چینایەتی کە بەردەوامە لە کۆمەڵگاکاندا.

موئەیەد ئەحمەد
٢٥ی ئازاری ٢٠٢٥
-———.———.--
Trump has tapped an unprecedented 13 billionaires for his* administration. Here’s who they are – ABC News
**The New Age Militarists – TomDispatch.com
***Trump Tariffs Hide Capital’s Warfare Against the Working Class – LA Progressive

دیگما و بیروباوە لە ئایینی یارسان.. د. زریان جۆزنی محەمەد

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

ZryanKakey_YarstanDownload

هەرەمی کوردستان لە جیۆئابووری و جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.. نادر عەبدولحەمید

(سەبارەت بە سەردانی سەرۆک وەزیرانی هەرێم بۆ واشنتن)

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق (مەسرور بارزانی) لەسەر بانگهێشتی حکومەتی ئەمریکا، هاوڕای شاندێک پێکهاتوو لە وەزیری پێشمەرگە، وەزیری کارەبا و سامانە سروشتییەکان، لە (١٧-٥-٢٠٢٥)، سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد. بۆ لە گەشتەکەی بۆ ئەمریکا سەرۆک وەزیران هەم سەردانی (کونسوڵخانەی ئەمریکا)ی کرد لە هەولێر و هەم (مارکۆ ڕوبیۆ)ش وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەنجام دابوو.
وەک ئاماژەی کەبوونەوە و دیدار لەگەڵ بەرپرسانی حکومی ئەمریکی، لەوانە وەزیری دەرەوە و بریکاری وەزیری گەنجینە (مالیە)، هاوکات لەگەڵ بزنەسمانەکان؛ وەبەرهێنەران و خاوەنکار و کەمپانیاکانی ئەمریکیش دیدار و گفتوگۆی ئەنجامدا لەبارەی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی و پڕۆپۆسەدانی کەرتی گاز و نەوت و وزە. هەر لەو پەیوەندشدا بەشداری لە کۆبوونەکدا کرد بەناونیشانی "داهاتووی وزە لە هەرەمی کوردستان" لە (١٨-٥-٢٠٢٥) لە واشنتن، بۆ گتووگۆکردن لەبارەی بڕوپۆدانی کەرتی وزە لە هەرەمی کوردستان.

دواجار دوو گرێبەستی سەبارەت بە وەبەرهێنان لە کەرتی وزە بە بەهای زیاتر لەسەد ملیار واژەکرد.
سەردانەکەی سەرۆک وەزیران لە کاتێکدا بوو کە هەر هەمان ڕۆژی (١٧)ی ئایاری (٢٠٢٥) سەرۆکی هەرێمیش (نێچیرڤان بارزانی)، بە بانگهێشتی فەرمی، سەردانی ئێرانی کرد بۆ بەشداریکردن لە (کۆربەندی گفتوگۆی تاران) و لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئێو وڵاتەش چەندین دیداری ئەنجامداوە.
هەرێم وەک بەشێک لە کەشمەکەشی جیۆپۆلەتیک و جیۆئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
ئەم سەردانە فەرمییانە، ئاماژەن بۆ جگەوگۆیەکی گرینگ و بایەخداری هەرێمی کوردستان و بورژوا ناسیونال دەسەڵاتدارەکەی کە هەیەتی لە هاوکێشە هەرێمییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە کەشمەکەشە جیۆپۆلیتیک و جیۆئابووریەکاندا، لەنێوان زلهێزە ئیمپریالستەکان و هێزە ناوچەییەکاندا.
ئێوەتا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە دیدارەکەیدا لەگەڵ (مەسرور) وەڵای تاوتوێکردنی دوایین گەشەانکاری و پێشهاتەکانی دۆخی گشتیی عێراق و ناوچەکە، ڕایگەیاند: ئەمریکا پابەندە بە پاڵپشتیکردنی هەرێمی کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیر لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا و ئەم بڕیارەی بنەڕەتی و ستراتیژی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا بە ڕێبەرایەتی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ. هەروەها ڕاشیگەیاند ئەمریکا ئامادەیە بە پشتگیریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری جیاجیاکاندا.
نێک هەر ئێوە، بەڵکو بانگهێشتنی فەرمی سەرۆک وەزیرانی هەرێم لە لایەن ئیدارەی سیاسی ئەمریکا و ئەنجامدانی گرێبەستی زیاتر لە سەد ملیار دۆلاری لە کەرتی وزە لە کوردستاندا، لە پشت سەری حکومەتی ناوەندی و دەوڵەتی عێراقەوە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ جگەوگۆی هەرەمەکە لە هاوکێشە و کەشمەکەشەکانی ناوچەکەدا.
بە ڕاستەوخۆیی دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئەمریکا و هەردوو هێزی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ تورکیا و ئێران، چوارچێوەی گشتی ئێو کەشمەکەش و هاوکێشانە دیاری دەکەن، کە هەر یەکەیان لەپەناو گرتنەبەری ڕێگەوە ئابووری و ستراتیژە سیاسی و ئەمنی و سەربازییەکانی خۆیاندا لە هەوڵدان بۆ کۆنتڕۆڵکردنی هەرەمەکە، بە دەستەمۆکردنی حکومەتی هەرێم و بە هاوخەتکردنی حزب و هێزە بورژوا ناسیونالیستە دەسەڵاتدارەکانی هەرەمەکە بەپێی ئێو ستراتیژ و ڕێوانە.
بەدرێژایی تەمەنی بورژوا ناسیونالیستی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بەتایبەت دوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی) و (یەکێتی) نێک

هەر خەیان لەناو ئەو هاوکێشە و کێشمەکێشانەدا بینیوەتەوە وەک شتێکی ناچاری مێژوویی، بەڵکو بە پێی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیشیان هەمیشە بڕێکی چالاک بوون تیا و ئەو کەناڵ و ئامرازەش بوون کە لە ڕێگەیانەوە ستراتیژە سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئەمنییەکانی هێزە ناوچەییەکان و زلهێزە ئیمپریالیستەکانی جیهان، پیادەکراوە لەم هەرەمەدا.

ئەوەی لە ئستادا تایبەتمەندی بەو ڕووداوی ئەوان دەبەخشێت ئەو بارودۆخە تازەیە لە تەرازووی هێزی ناوچەکەدا هاتۆتەئاراوە لە نێوان زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ڕووسیا و چین لە لایەک، و ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە لایەکی ترەوە، لەگەڵ تەرازووی هێز لە نێوان هەردوو هێزی ناوچەیی تورکیا و ئێران، ئەویش بەداوی هەرشی تیرۆریستانەی (حەماس) لە (٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣) و جەنگی جینۆسایدکردنی فەلەستینییەکان لەلایەن ئیسرائیل و شکستپێهانانی (حزبوڵای لوبنان) و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا.

هاوکێشەی دوو وڵێزەی پێشمەرگە و سامانە سروشتییەکان لەگەڵ سەرۆک وەزیران لەم سەردانەدا هەمایەکی سمبولیکی هەیە بە ئەوەی کە لە هەردوو ڕووی؛ سیاسی-سەربازی و ئابووریەوە حکومەتی هەرێم و ناسیونالیزمی دەسەڵاتداری هەرەمەکە مانەوەی دەسەڵات خەیان لە هاوخەتی و بوون بە ئامرازی چالاکی جیۆجۆکاری ستراتیژە ئابووری و سیاسییە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکادا دەبینێتەوە. ئەم ڕاستییە لە زمان وتەبڕی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، (پێشوا هەورامانی) بەم شێوەیە لە (٢٣-٥-٢٠٢٥) گوزارشی لێکراوە: "لەم قۆناغە تازەیەدا؛ وەبەرهێنان و ئابووری و وزە لەسەر مێزی گفتوگۆی جەنابی سەرۆک وەزیرانن لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەمریکا، … ئێستاش بابەتی وزەو وەبەرهێنان لە وزە، مانەفێستی هەموو پەیوەندییەکان دێکاتەوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا".

گرێبەستی سەد ملیاری، تەواوکەری گرێبەستەکانی تەامپی وەاتانی کێنداو

(مەسرور بارزانی) لەمیانەی سەردانەکەیدا، سەرپەرشتیی واژۆکردنی دوو ڕێککەوتننامەی گرنگیشی کردووە بە بەهای (١١٠) ملیار دۆلار بە پەرەپێدانی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان، دیارە دیدارەکەشی لەگەڵ جێگری وەزیری مالییەی ئەمریکی لە پەیوەند بە قەرز و دابینکردنی پوڵ و سەرمایە (تەمویل-financing) بووە بە ئەو پێژەیە.

لەردا ناچینە ناو باسی کێشەکانی هەردوو حکومەتی هەرێم و ناوەند لە پەیوەند بە یاسایی و ناسایی گرێبەستەکانەوە، هەروەک وەزیری نەوتی عێراق (حیان عبد الغني) ڕایگەیاند کە حکومەتی عێراق لەگەڵ

ئەم گرێبەستانەی وزەدا نییە و "گرێبەستی لەو چەشنە و لەوەکوتنانە تەنها دەبێ لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە بێت، چونکە دەسیەی بەڕێوەبردنی سەروەت و سامانی نەوت لەدەستی ئەودایە".
بەڵام بەدنییایی ئەم گرێبەستانە دەبنە خاڵێکی بەهێزی حکومەتی هەرێم، چونکە وەکو گرێبەستکانی پێشووتر نین کە تەنها لەنێوان حکومەتی هەرێم و کەمپانیاکانی نەوت و گازدا مەرکەز بێت، بەڵکو لە پشتی ئەم گرێبەستانەوە حکومەتی تەواو وەستاوە.
لە ڕاستیدا ئەم گرێبەستە تازانە بەشێکی تەواوکەری ئەو گرێبەستە ئابووریە سەدان ملیار دۆلارییانەن کە تەواو لە سەردانەکەیدا بە وڵاتانی سعودیە و کەنداو ئەنجامی داوە، بەم پێیەش پێگەی هەرێمی کوردستان لە ستراتیژی درێژماوەی سیاسی و ئابووری ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە ڕەڤەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزتر دەکات بەگشتی و بتایبەتیش لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا.

گرێبەستی سەد ملیاری و هەژاری و بێکاری خەڵکی هەرێم
دوای ئەنجامدانی گرێبەستەکان، سەرۆک وەزیران (مەسرور بارزانی) لە پلاتفۆرمی خۆی لە (ئێکس) نوسیوویەتی: "ئەم هەفتەیە ڕێکەوتننامەی گرنگی وزە واژۆ کران، گفتوگۆمان لەبارەی پەرەپێدانی بازرگانی لەگەڵ هاوبەشە ئەمریکییەکانمان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بە خەڵکی کوردستان و هەموو عێراق کرد".
لەسەر ئاستی جیهان زۆرێک لەو وڵاتانەی دەوڵەمەندن بە سامانی سروشتی وەک نەوت و گاز و زێڕ و ئەو کانزا دەگمەنانە کە لە پیشەسازی ئەلیکترۆنی هاوچەرخدا بەکاردەهێرێن و کەمپانیا زەبەلاح و مەتی-ناشناڵەکان تیادا وەبەرهێنانیان کردووە، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئەو وڵاتانە لە خراپترین بارودۆخی گوزەرانی ژیان و لژێر سەرکوتی سیاسیدان، لە کاتێکدا کەمپانیاکان بەهرەمەند بوون لە ملیارەها دۆلار وەک قازانج و کۆکەی سەرمایە، ئەمەش لەبناغەدا پەیوەستە بە گرتنەبەری ئەو سیستەمە ئابووری-سیاسییەوە کە چینی دارا و دەسەڵاتداری ئەو وڵاتانە گرتوویانەتەبەر، بتایبەتیش لە گرتنەبەری نیولیبرالیزمی ئابووریدا، کە سیستەمێکە پەویستی بە دەستی کاری هەرزان و کرێکاری خامەش و سەرکوتکراو هەیە.
هەرێمی کوردستان نمونەیەکی بەرجەستەی ئەو بارودۆخەیە، بەڕاگەیاندنی ئابووری سەربەخۆ و بە بازاڕکردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، لە (٢٠١٤)ی کابینەی هەشتەوە تا ئێستای کۆتایی تەمەنی کابینەی نۆ (ئایاری ٢٠٢٥) و بڕ لە پێکهێنانی کابینەی دەیەم، قەرزکانی حکومەتی هەرێم بە (٣٣) ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت، کە زیاتر لە (١٠) ملیار دۆلاری موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی

کوردستانە.
بەم پێیە ئەم وەبەرهێنانە تازەیش بە پێچوانەی بانگەشەی میدیاکانی سەر بە حزبی دەسەڵات و حکومەتی هەرێم، نەک هەر خۆشگوزەرانی ناهێنێت، بەڵکو دەبێ نەوکانی داهاتوو چاوەڕێی دانەوەی چەند ملیارێکی تریش لە قەرزی حکومەت بن. ئەمەش واتا کەم بوونەوەی خزمەتگوزاریێکان و داسەپاندنی باجی زۆرتر بەسەر هاوڵاتیان و پاشەکانی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە لەواری بێکاری و هەژاری و برسێتی.
خۆشگوزەرانی نەک هەر لە ڕۆژگەی وەبەرهێنانی ئەم ملیارەها دۆلارانە و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی گشتی کۆمەڵگە لە لایەن کۆمپانیاکانی ناوخۆ و دەرەکییەوە نایەتەدی، بەڵکو دروست بە وڵانان و هەڵپەچانی ئەو سیستەمە ئابووری چینایەتییە دڕندەی کە دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیست و ئیسلامی سیاسی و تائیفی لە عێراق و لە کوردستانێکیدا دایان سەپاندووە بە سەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا.
ئەمەش تەنها بە ڕێکخراوبوونی ئەو چینە زەحمەتکێشە دەبێت بە ئاسەیەکی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانەوە، کە لەگەڵ چوونەپێشی هەر هەنگاوێک لە خەبات و ناڕازایەتییەکانی دەتوانێت پاشەکشە داسەپێنێت بەسەر دەسەڵات و بەسەر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا بە بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی، تا ئەو سنورەی لە ئاوگێڕکی تەرازووی هێزی چینایەتیدا توانای بەرپاکردنی شۆشی سۆشیالیستی و گرتنەدەستی دەسەڵاتی دەبێت.

نادر عەبدولحەمید
کۆتایی ئایاری ٢٠٢٥

کراوەیی ئێران هاوشانی دانوستانەکانی لەگەڵ ئەمریکا..

عوسمانی حاجی مارف

تاران کراوەیی خۆی بە دانوستان و بەشداری ئابووری و تەنانەت وەبەرهێنانی ئەمریکی نیشان دەدات، هاوکاتی قوبونووی قەیرانی ئابووری و پڕاسەندنی نائارامی ناوخۆیی لە ئێراندا، کەماری ئیسلامی ناچارکردوە بەپیرەوچونی ئەم کراوەییە بهەند وەرگرێت، لەم ڕۆژگارەداو لەدەخی سیاسی ناوچەکەدا کەماری ئیسلامی زیاتر لەسەر مەترسی کەتایی دەسەڵاتەکەی مایەی پەیوەندی و دانوسانکانی دادەنێت، نەک مایەدانان لەسەر ئووی لە ڕەروی خواستی چاکسازیدایە و بەخەمی دانیشتوانی ئێرانووە.

سەردەمانێک ئێران بە سەرپێچیکردنی نەزمی نێودەوڵەتی ناسرابوو، بەڵام کە ئێستا هاوسەنگی دەرەکی و ناوخۆیی ژێم لە گەڕاندایە، ڕەنگە کاردانەوەی کەمگەیی نێودەوڵەتی و ململانێی زلهێزە جیهانیەکان دیاری بکات کە ئایا پێشهاتەکانی ئەم دەخە ڕێگا بە گەڕانکاریەکی درێژخایەن دەکاتەوە، یان بە مانایەک مانەوەی دەسەڵاتی کەماری ئیسلامی ئەتوانێت پارێزراو بێت!

کەماری ئیسلامی ڕەزامەندیی خۆیان بەرامبەر بە خولی یەکەمی دانوستانە ئەتەمیەکان لەگەڵ ئەمریکا دەربڕیوە کە لە عومان بەڕوچوون، سەردەمانێک عەلی خامنەیی جەختی لەوە کردووە کە دانوستان لەگەڵ واشنتۆن نە ژیرانە و نە شارەفمەندانەیە. لە هەمان کاتدا بەرپرسانی دیکەش لەوەش زیاتر ڕۆیشتون و دەستبەرداری ئەو بنەما ئایدیۆژیانە نەدەبون کە دەیان ساڵە تیەریزەی دەکەن و ژێم بە گەرمی پابەند بووە پێیەوە، بەم شێوەیەش لایەنگرانی خۆیان پە فریوداوە. ئێستا دەڕەن دژایەتی وەبەرهێنەرانی ئەمریکی ناکەین و ئەم جارە پەیوەندیە ئابوریە پێویستی بە گەڕاندنەوەی پەیوەندیە دیپلۆماسییەکان دەبێت کە چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر پچڕابون.

خومەینی لە کەتایی شەڵە لەگەڵ عەراقدا گوتی: "وەک چۆن خواردنەوەی ژەهر قبوڵ دەکەم ئاگربەست قبوڵ دەکەم"، ئەمڕۆ پێناچێت خامنەیی هەموو جامەکەی خواردبێتەوە، بەڵکو تەنها نیوەی خواردەتەوە. نایەوێت تەسلیمبونی تەواو خۆی ڕابگەیەنێت، بەڵکو یەک بە یەک بازرگانی بە کەرەستەی خۆیەوە دەکات بە پاراستنی سەری ژێمەکەی، لە ئیستادا دەتوانین بڵێین جارە دەخەکە ڕوون نیە جگە لەوەی خامنەیی نیوەی پەرداخەکەی خواردووەتەوە، و ترامپ نیوەکەی تری دەجوڵێنێت.

سەبارەت بە داواکاریەکانی ئەمریکا، ترامپ بە دوای جێبەجێکردنی زۆرترین ئاستی مومکینەوەیە، هەوڵەدات لە هەر پرسێکدا هەموو شتێک بەدەستبهێنێت کە خزمەت بە نەخشەو بڕژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکا بکات، کە داواکاریە سەرکیەکانی لەم دانوسانەدا بریتین لە کەمکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران، سنووردارکردنی توانا مووشەکیەکانی و بەدەستهێنانی ئەو گەرەنتیانەی کە ئێران دەستهەڵگرە لە پاڵپشتی و سیاسەتی پێچکردنی هێزە میلیشیاکانی ناوچەکە.

هەروەها لە پشت پەردەوە ئەمریکا هەوڵێکی جدی ئەدات ئێران لە ڕووسیا و چین دابڕێنێت، ئەمەش لە هەوڵێکدا بە ڕاکێشان و ملکەچکردنی ئێرانە لە ڕووی سیاسییەوە بەرەو ئەمریکا، ئەم ئاراستەیە سیمایەکی پراگماتیک بە دانوستانەکان دەبەخشێت و پاڵ بە واشنتنەوە دەنێت کاریگەرییەکانی پەکین و مسکۆ لە ناوچەکەدا لاواز کات.

لەراستیا ڕێبازی ئیدارەی ئەمریکا بە دانوستان، جارێکە لە شێوەی دەروونی و سیاسەتی "یان شێ یان دانوستان"، کە لەبەرامبەر ئێراندا پیادەی دەکات، لە ڕێگەی ئەو پەیامە ناکۆکانەی رایاندگەیەنێت، بەم شێوەیە کەماری ئیسلامی دەخاتە ناو چوارچێوەیەکەوە، دەرچونی لە ژێر سیاسەتەکانی ئەمریکا بە سەختی لەسەریدا بشکێتەوە.

ستراتیجی ئەمریکا داوای دانوستانە لە نێوان توندتربونی سزا ئابوریەکان و هەڕەشە سەربازییەکان، بە ئامانجی فشارخستنە سەر ئێران بۆ ئەوەی ملکەچی دانوستان و بریارەکان بێت، جێختیش لەوە دەکات کە دەرئەنجامی ئەم ستراتیژە سەپاندنی ئیرادەی لایەنەکە بەسەر لایەنەکەی دیکەدا، کە لە کۆشکی هەڕەشە و شەڕەنگێزیدا بەیاندکرێت.

ئەوەی پێویستە بیهێنینەوە پێشچاو کاتی خۆی دوای تیرەرکردنی قاسم سولەمانی خامنەیی سوێندی "تۆڵەی توند"ی لە بەرامبەر ئەو کەسانە خوارد کە بەرپرسن لەو کاری تیرەرکردنە، بە تایبەتی لە بەرامبەر ترامپدا، بەڵام دوای پێنج ساڵ، ڕژیمی ئێران ئێستا لەگەڵ هەمان ئەو گرووپانەدا دانوستان دەکات و ئامادەیە بە ڕێکەوتن، کە پێشتر سوێندی لەناوبردنی خواردبون.

مەسعود پزیشکیان لەم دواییانەدا ڕایگەیاند کە "ڕێبەری مەزنی شەرش" دژایەتی وەبەرهێنەرانی ئەمریکی ناکات، هەڵبەتە نووسینگەی

خامنەیی ئەمەی نەت نەکردوە، کە پێچەوانەی لە مێژینەی گوتارکانی خامنەئیە، کە ئێران بە هەموو هێزی خۆیەوە بەرەنگاری هەر جۆرە هاتنە ناوەوەیەکی ئابووری یان سیاسی ئەمریکای بە بنەما وەرگرتبو.

لایەکی تروە ئاراستەی ڕژیمی ئێران بە هەر پەرشوبڵاویەکەوە لەبەرامبەر دانیشتوانی ئێراندا پیادەی دەکات، نیشانەکانی شلکردنەوەی جیاجیکردنی تووندوتیژی بە ئاشکرا پەیدیارە، ئەو بابەتانەی بەدژی ئیسلام پێناسەی دەکردن و سەردەمانێک بە تووندی کۆنترۆڵ دەکران، ئێستا بە دەستەوەردانی کەمتر (وەک فێستیڤاڵەکانی کولتووری و مۆسیقا و گەشت و گوزار) بەڕووەدەچن، هەرچەندە حکومەت هەوڵوشوێنی نوێی بە چاودێریکردنی پابەندبون بە حیجاب هێناوەتە ئاراوە، بەڵام زۆرێک لە ژنانی شارە گەورەکان بەردەوامن لە سەرپێچیکردنیان بە ئاشکرا و دەسەڵاتداران لە جیاجیکردنی تەواوی سنووردارکردنەکان وەستاون، ئێستا سۆشیال میدیای زمانی فارسی پڕ بووە لەو گرتە ڤیدیانەی زۆرکیان لە ناوخۆی ئێراندا تۆمارکراون، کە شارەزایان، چالاکوانان و بەرپرسانی پێشوو بە ئاشکرا باس لەو بابەتانە دەکەن کە سەردەمانێک ئەوانەی ئێستا لەناوخۆی ئێراندا دەبینرێت، بە حەرام دادەنراو و بەیاسا قەدەغە کراون.

بەرچاوترین بەدەنگی ڕژیم پەیوەندی بە پێشینی زۆرملێی حیجابەوە هەیە، بەرپرسان بەشێوەیەکی کاریگەر زەمینەیان بە زۆرینەی ژنانی ئێران ڕەخساندوە کە دژایەتی ئەو یاسا و یاسایانە دەکەن، ڕژێم ترسی هەیە لە سەرهەڵدانەوەی ناپەزایەتی "ژن، ژیان، ئازادی"، ئەم دۆخەیە بە تایبەتی لە وتاری جەژنی هەڵمەتاندا بە خامنەیەوە دەبینرا، بە مانایەک دان بە ئۆگری ناپەزایەکی ناوخۆی ئێراندا دەنێت.

سازدانی ئیمتیازات بە پاراستنی مانەوەی کەماری ئیسلامی و شیعەگەرا، ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە ئایدەلۆژیای کەماری ئیسلامیدا داکوتاوە، خومەینی لە ساڵی ١٩٨٣دا ئاماژەی بەوەدا کە "پاراستنی کەماری ئیسلامی لە پاراستنی هەر کەسێک گرنگترە، تەنانەت ئۆگەر ئەو کەسە ئیمامی ئەو سەردەمەش بێت"، بە ئاماژەدان بە ئیمامی دوانزەهەم کە لە دڵی عەقیدەی شیعەی ئێرانداید. خومەینی توانی ئەم ئارگیومێنتە بخاتەوو، چونکە کەماری ئیسلامیی لۆگۆی خودی ئیسلام یەکسان کرد.

لۆگۆی دەستهەڵگرتن لە درێژدان بە ئیمتیازاتی قووڵی ڕژیم لە

ناوخۆ و دەرەوە، پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە، تا چ ڕادەیەک دەتوانرێت پارێزگاری لەم بە "ئیسلامی" کردنە بە هەند وەربگیرێت؟ لەکاتێکدا کە ئێستا هەڕەشەی وەرینی شوناسی "شەڕشگێڕانە"ی ڕژێمی ئیسلامی دەستی پێکردووە، وا دیارە تا دێت ئامادەیی پووچەڵکردنەوەیان زیاتر دەبێت، ئەگەر ڕژێم دەستبەرداری جڵەوجۆکردنی توندی بنەماڕا ئاینییەکەی بێت، ئەوا ڕابەران و دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران لە کەشتیەکە دادەبەزن.

پەرەسەندنی ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە توخمەکانی ناو ناوەکی ڕژێمی ئێران زیاتر بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت لە بەرژەوەندی مەدەلێکی کەماری ئیسلامین کە لە سیمای دەرەکیی ڕژێمەکەیاندا، لە تووندڕەوترین توخمی ئایدەلۆژی ئیسلامی پاشکۆ بکەن. هەرچەندە خامنەیی بە شێوەیەکی نەریتی هاوپەیمانی تووندڕەوکان بووە، بەڵام پشهاتەکانی ئەم دواییە ئاماژە بەوە دەکەن کە دەنگی پراگماتیکتر دەست دەکەن بە کاریگەری لەسەر ئایندەی ئێران، ئەمەش بیرکەی ئاسایبوونەوەیە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری ئێراندا و کەمکردنەگەی نەودوڕەتی وەک ئامرازێکی پێویست بۆ پاراستن و مانەوەی کەماری ئیسلامی لە شێوازێکی گونجاوتردا، گەر بەیان بچێتە سەر.

هەر لەو چوارچێوەیەدا گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر چین بۆ ڕاگرتنی کەینەی نەوتی ئێران بەشێکە لە سیاسەتێکی بەرفراوانتری ئەمریکا کە ئامانجی خنکاندنی ئابووری ئێرانە لەڕێگەی کەمکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی ئێرانەوە، لەڕێگەی کاریگەری دانان لەسەر هاوبەشە بازرگانیە گەورەکانی وەک پەکین. ئەمەش ڕەبازێکی سیاسیە نەک سەربازی، لە کۆتاییدا ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئێران و ئەمریکا ڕەنگە بەم زووانە ڕێککەوتنێک سەبارەت بە پەڕەی ئەتۆمی ئەنجام بدەن.

ئەوەی پشبینی دەکرێت ئەمریکا نایەوێت ڕاستەخۆ گوشارو هەڕشی سەربازی بخاتە ناوخۆی ئێرانەوە کۆتایی بەدەسەڵاتی کەماری ئیسلامی بهێنێت، زیاتر جەختکردنە لەسەر کۆتاییهێنان بەو هەڵمەتە میلیشیایانەی بە پشتیوانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا بەاوبونۆتەوە. ئەوەش کە ئێستا ترامپ لە ڕێڕەوی ئەم دانوستاندا دەیەوێت بەسەر ئێراندا بیسەپێنێت، هەوڵی کۆتاییهێنانە بە حوسیەکان لەیەمەن و حەشدی شەعبی لە عێراق، تا زیاتر لاوازکردنی ئێران بسەلمێنێت و ناچار بە تەسلیمبونی بکات.

ئەم کەشەو ململانێیە بۆچی دەکات و چەند دەخایەنێت؟، کاتێکی

دیاریکراوی نیە، چونکە تائێستا ئێران نەچێتە ئێو فازی ئەمریکا هەرچی وت، ملکەچی دەبێت، لەلایەکی ترەوە ململانێکە تەنها ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و ئێرانیش لەلایەنەکی نیە، بەڵکو لەئاستێکی فراوانـــدا ململانێ و کێشەی گەورەی جەمســـەرکانی ووڵاتـــانی ئیمپریالیە، کەدور دەبینین لە پرسەی گەیشتن بە یەکلایی کردنەوەی دۆخەکە، کەلەم بارەیەوە پەیوەندیەکانی روسیا و چین بە ئەمریکاوە و رکەوتنیـان لەسـەر نەخشەی ناوچەکە کاریگەریەکی بەرچاوی هەیە، لەسەر ئایندەی ناوچەکە بەگشتی و ئێران بەتایبەتی.

ئەوەی لە ئێستادا بە کەماری ئیسلامی هەستیارە، هەوەی هەمژینی قسە تونـدەکانی تـرەمپ و پشگـرتنە بە هەڕەشـەبـونەوەی ئاسـتەوخۆ لە بەرامبەر ئەمریکـادا. بەیە لەم دواییـانـدا چـنـدین ئامـاژە بە چەکداماینی حزبولـلا لە لوبنان و میلیشیاکانی ژێر چەتری هەزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق کراوە، بەیە ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئێران کلیلی یارییەکەی بەدەستەوەیە و توانای بەستنی چالاکیەکانیانی هەیە، هەرکات لەگەڵ ئەمریکا بە رکەوتن گەیشتن دەکرێ جەبەجێیان بکات، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەوانەدا لەدوا شیکردنەوەدا ناتوانرێت کەماری ئیسلامی لەژێر تورەیی نارەزایەتی جەماوەریدا رزگار بکرێت.

وەژێ و پەروەردەی منداڵان دوو رووی دراوێکن.. ڕەزا شوان

لەبەر گرنگی و کاریگەریەکانی وەژەی منداڵان، لەسەر بوارکانی ژیانی منـداڵان، لە ئەمـڕۆ و لە داهاتـوودا، ئەم سەردەمە بە (سـەردەمی وەـــژەی منـــداڵان) ناودەبرێـــت. بە هـــەزاران پەروەردەکار و دەروونناس و تـوژەنەر و نووسەر و هونەرمەنـد و مامۆستا و میـدیاکار و پسپـۆرانی پەروەردەیی و دامـودەزگاکانی چـاپ و بڵاوکـردنەوە و لایـەنی دیکە لە جیهانـدا، سەرقـاڵن بە نووسین و بە لـێکـۆڵـینەوەی ئاکادیـمی و پـراکـتیکی، لە ژانرەکانی وەـژەی منـداڵان. ئەم گـرنگی پـێدانەش بە وەـژەی منـداڵان، لە گرنگـیـیەکانی ڕۆی منداڵان لە داهـاتوویەکی باشتر و شیاوتر بە گەل و نیشتمان سەرچاوەی گرتووە.

بەگومان داهاتووی گەلی کوردمان و کوردستانی نیشتمانی شیرینمان لە دەستی منداڵانی کوردی ئەمڕۆمان دایە. کەواتە گرنگیدانمان بە منداڵانی ئەمڕۆمان، گرنگیدانمانە بە داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتر بۆ کورد و کوردستان. ئەم هیوا و ئامانجەش لە سایەی پەروەردەکردنەکی دروست و ئاراستەکردنەکی ئامانجدار و ڕێنمایی پێویست و ڕاهێنان و ئامادەکردنی منداڵانی ئەمڕۆماندا دەتەدی. تا زیاتر و زیاتر گرنگی بە پەروەردەکردنە منداڵانی ئەمڕۆمان بدەین، زیاتر گەشبین و هیوادار و دڵنیادەبین، لە هەناندیی ئەو داهاتووە خوازراوەی کە دەماوەت. بە کورتی کلیلی داهاتوومان جگەرگۆشەکانی ئەمڕۆمانن. ئەرکی پەروەردەکردن و ڕاهێنان و ئامادەکردنی منداڵەکانیشمان، ئەرکەکی پیرۆز و لە ئاستەی هەموومان دایە. هەمووشمان لە بەری ئەرێنییان سوودمەند دەبین. بە پێچەوانەشەوە هەر هەڵە و کەمتەرخەمییەک لە پەروەردەکردنی منداڵەکانماندا بکەین و پەراوێزیان بخەین، ئەنجامەکی خراپ و زیانبەخشیان لێدەتە ئاراوە. ئەبایی ئەم ئاکامە نەرێنی و نەخوازراوەش، لە ئاستەی هەموومان دایە. پێشیمانیش بەسوود، پاکانە و پاساو هێنانەوە و بیانووش لە کەسمان قبووڵ ناکرێت. هەر هەمووشمان باجەکی قورسی ئەم هەڵەیە و ئەم کەمتەرخەمییەمان دەدەین. مژووش لەمان ناببووڕێت و بەر چەماڵە و نەفرەتی نەوەی داهاتووشمان دەکەوین.
(ئێلیزابێت ماخت) دەڵێت:"لە کاتی ئەنجامدانی پەروەردەکردنی منداڵەکانماندا، هەر هەڵەیەک بکەین، دەبێتە هۆی دڵەڕاندنی جەنگەک، کە لە پێناوی داهاتوویەکی باشتردا دەستمان پێکردووە".
پێویستە ئەمەی کوردیش، بە باشی ئامادەی ئەم جەنگە بین، تا سەرکەوتوو و بەراوبین و دڵەاونەبین. لەم ڕوانگە ستراتیژییەوە، پێویستە ئەوە بزانین، کە چ ئەرکەکی پیرۆز و چ پێویستییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆیمان لە ئەستەدایە، چ بەرپرسیارێتییەکی هەستیار و چارەنووسسازمان لە ئەستەدایە.
گرنگی وەژەی منداڵان لەوەدایە، کە بەشداری لە ئامادەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی کوردی متمانەبەخۆ دەکات، کە پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن. بە هەناندی داهاتوویەکی خوازراوی گەشتر بە کورد و کوردستان. بەیە وەژەی منداڵانی کورد، بە پێویستییەکی گرنگی نیشتمانی و نەتەوەییمان دەزانین. هەکارەکی پێویست و گرنگیشە لە هەکارەکانی گەشەکردنی

ڕەشنبیرییەکی خوازراوی منداڵانی کوردمان. هەش و ئەندێشەی منداڵان دەوروبەر و ئارەزوو و بەهرە و ڕاز و نیاز و توانا دەرنەخستووەکانیان پێ دەردەخات، خۆن و هێوا و ئارەزووکانیان دەهێنێتە دی.

مەبەستیشمان لە وێژەی منداڵان، ئەو وێژە باشەیە، کە هەموو تایبەتیمەندییە سەرکییەکانی وێژەی منداڵانی لەخۆگرتووە. چونکە هەر نووسینێکی لاواز و کرچ و کاڵ لەژێر ناوی (بۆ منداڵان) ناچێتە خانەی وێژەی منداڵانەوە. منداڵانیش ئەو نووسینانەی بە دڵیان نەبێت و چێژ و خۆشییان لەوەرنەگرن، بە وێژەی خۆیان نازانن.
(ران بوسلیک) هەڵزانقانی ناسراوی بوڵگاری لە بواری وێژەی منداڵاندا، دەڵێت:
"وێژە بۆ منداڵان، وەک شیری دایک و هەوای پاک وایە، کە پێویستە هەبێت".

ڕەهەندی پەروەریی لە وێژەی منداڵاندا، لایەنێکی گرنگ و کاریگەر لە گۆشەکردن و دروستکردنی کەسایەتی دروست و هاوسەنگی منداڵان. بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، کە سەردەمی شۆشی تەکنەلۆژیا و داهێنانی شتی سەیر و سەمەرەیە. سەردەمی تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ئایپاد و ئایفۆنی زیرەک و گۆڤاری ڕەنگاوڕەنگی منداڵان و بە دڵیان ئامۆژگاری مەدەرن. پەیوندیکردنیش ئاسانتر بووە، هەیکانی فەرکردن و گۆشکردنی ڕەشنبیریی منداڵانیش زەرتربووە، ئاستی زیرەکی و هۆشیاری و فەربوون و وەرگرتنی منداڵانیش بەرزتربووەتەوە. بەیە پەروەردەکردن و ڕاهێنان و پەگەیاندنی نەوەی نوێی منداڵانیش قورستر بووە.

وێژەی منداڵان هەکارێکی گرنگی پەروەردەی منداڵانە. بەکو وێژەی منداڵان و بەها پەروەردییەکان، دووانەن و لە یەکتری جیانابنەوە و تەواکەری یەکترین و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە. بە کورتی وێژەی منداڵان و پەروەردەی منداڵان دوو ڕووی دراوەکن، یا گیانەکن و لە دوو جەستە دان.

ئەگەر هێوا و ئامانجی ئێستامان داهاتووبێت، ئەوە ڕاهێندی پەروەردییە کە داهاتووی وێژەی منداڵان دیاری دەکات. چونکە

وەژی منداڵان لە پلەی یەکەمدا، وەژیەکی پەروەردەییە. بۆما پەروەردەییەکانن کە راستی و بوارەکانی داهاتووی وەژی منداڵان دروست دەکەن. هەر گۆڕانکاری و پشکۆتنێک لەم وەژیەدا بکرێت، پێویستە لە دەروازەی پەروەردەوە تێپەڕێت. نووسەرانی بوارەکانی وەژی منداڵانی کوردمان ئەم راستییە دەزانن، بۆیە گرنگییەکی زۆریان بە رەهەندی پەروەردەیی داوە و پانتاییەکی زۆری لە نووسینەهەمجەرەکانیاندا گرتووتەوە. واتە نووسەرانی وەژی منداڵان، ئاگادار پەروەردەکار نەبن، ناتوانن مامۆستا و پەیامەکانیان بە منداڵان بگەیەنن. ناشتوانن وەژیەکی تازەی مەدەرن و پشکۆتوو بەرهەم بهێنن.
ئەو پەیام و ئامانجە پەروەردەییانەی کە لە میانەی وەژی منداڵانەوە، پشکنین بە منداڵان دەکرێن، کەمترنین لەو بەها پەروەردەییانەی، کەلەلایەن دایکان و باوکان و باخچەی منداڵان و قوتابخانە، یا لە ڕێگەی هەر هەکارێکی ترەوە پشکنیان دەکرێن.

وەژی منداڵان، هەکارێکی پەروەردەیی سەرکەوتووی جیهانی هاوچەرخە، بە گەیشتن بە دە و دەروونی منداڵان و بە زاخاودانی هەش و بیریان. ئەو هەڵشیان بە دەستخستنەت، کە وەامی بشک لە پرسیارەکانیان دەستبکەوێت. ختووکشیان دەدات بە بیرکردنەوە و نووسین و داهێنان و گوزارشتکردن لە ئەندێشە و بیرکە و لە هیوا و لە خەون و لە خواستەکانیان. سەرەای ئەوش زمانیان دەوەمەنتر دەکات.
قسەکردن و نووسین لەسەر وەژی منداڵان، بوارێکی فرە فراوانە، پێویستیشی بە شارەزایی و بە ژێرخانێکی وەژیی و ڕشنبیریی گشتیی هەیە. تا ئێستا زیاتر لە پانزە نووسینم لە بارەی ژانرەکانی وەژی منداڵانەوە نووسیوە. پانزەی تریش بنووسم، وەک دەپکە لە دەریایەک.

نەرویج: ٢٠٢٥

لە خەم زیاتر خەشم دەوی..
کاوەی خەسرەوکاوانی

هەندەی ژمارە ی ئەستێرە
بەقەد گەڵای درەخت و دار
هەندەی ماسی نێو زەریاکان
بەقەد گوڵی وەرزی بەهار… خەشم دەوە ی
هەندەی فرمێسکی رژاوی
چاوی یاران …ئاوی کانی
بەقەد تەمەنی ڕۆژو شەو
ژمارەکان…هەندەی جوانی…خەشم دەوە ی
تەکەای هەموو ئێو وشانەی
بە خەشەویستی نوسراون
هەندەی هەموو ئێو ئێشکانەی
لە گەڵنە قەتیس ماون …خەشم دەوە ی
بەقەد هەورە سەرشتەکان
هەندەی خوناوی پەڵەی گوڵ
بەقەد خەمی عاشقان و
تەکرای ترپەی لەدانی دڵ …خەشم دەوە ی
هەندەی پەپولەی بە ئەقڕەی
باڵ سوتاوی دەوری مەما
گەلەك زیاتر لە وجودم
لە شیرینی ڕەحی خەما …خەشم دەوە ی

6/10/2007

kawa_kiwiny@yahoo.co.uk

(ئەوان) و (ئەو).. چیـــرۆک.. نووسینی ئیبراهیم

ئەوان
ژامە سەر لاپەڕەیەک. بەڵام توانای جووڵەم نییە! قەڵەمەکەی لە کۆتاییم گیرکردووە، وەک ئەوەی لە نووسینم دڵنیا نەبێت. چاوەڕوانم پیتەکانی تر دەرکەون و بۆیەکەوە واتایەک ببەخشین. ڕاستە زۆر جار یەک پیتیش بۆتە نیا بەکاردێت. بەڵام ئەوکات مەگەر تەنیا خاوەنەکەی بتوانێت مەبەستەکەمان بۆ شی بکاتەوە.
کاتەکەی لە شەو دەچێت. مەمەک، تەنیا لاپەڕەکە و بەشکی مێزەکەی ڕۆشن کردووە.
ئەوەتا خەریکە پیتەکی تر دەتە خوارەوە.
سەاو.

- بەخێربییت هاوڕێ.
ئەمە لە کوێین؟
- منیش نازانم! وەک دەبینیت ژوورەکی تاریکە، و لە سایەی ئەم مەمەوە تەنیا چاویلکەکانی و بەشکی ڕوخساری دەبریسکێنەوە. لەوانەیە ئێرە ژوورەکی تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست بێت. نووسینگەی کاربەدەستێک، ژوورەکی ناو پاپەڕەک، بەندیخانەیەک، سەنگەری شەرشگێڕێک، یان کەشکی ستەمکارێک بێت. لەوانەشە لە خەوتگەی شاعیرێک، زانایەک، فەیلەسووفێک، یان عاشقێکدا بین!
هەرچییەک بێت ئیتر ئەوە چارنووسی ئەمەیە. هەرجارە و لە سەردەمێک دەردەکەوین، و هەر کەسێک بە مەبەستێک بەکارمان دەخات. لەوانەیە بکەوینە ناو ووتارەکی سیاسی، دروشمەکی درۆ، بەیارەکی دادگا، جانامەیەکی فریودەری مافکان. لەوانەشە بکەوینە ناو بیردۆزی زانایەک، ووتەی دانایەک، شێعرەکی ناسک، چیرۆکێک یان نامەیەکی پڕ لە سۆز.
- بۆچی ئەمە بەو جۆرە خولقاوین، نەتوانین خۆمان چارنووسمان هەڵبژێرین؟ بۆچی ئەمانە بە ئارەزووی خۆیان بەدوای یەکدا بە مەرامی خۆیان ڕێزمان بکەن؟ من لە سەرەتای بوونمەوە تاکو ئێستا ملیانان جار کەوتووەتە سەر دیواری ئشکەوت و پێستە و کاغەز و شاشە و لاپەڕەکان، و بە ویستی خۆم هەرجارە و بە شیوازێک دەرکەوتووم! هەگبەیەک نییە لەم

چارەنووسە ڕزگارمان بکات؟

- دەی ئەمڕیان جوانترین چارەنووسە! گەورەیی ئیمە لەوەدایە لەهەر سەردەم و شوێنکدا بین، پوختەی بیرکردنەوەی مرۆڤکان و ڕازی ناخیان ئاشکرا دەکەین. بەیەکەوە کەدبینەوە و بیردۆزکی زانستی پکدێنین، کە لەوانیە جیهان بگۆڕێت. یان لە پێیامکی خۆشویستیدا دوو کەس بەیەکتر دەگەیەنین. یان لە نووسینکدا حەقیقەتی ناخی نووسەرێک ئاشکرا دەکەین. لە هەواڵکدا دەی بە نەوایک دەخێنە سەما.

گەرچی ئەمە ژمارەمان سنووردارە، بەڵام بەیەکەوە ملیارەها ئەگەری شەوازی ڕیزبوونمان لەبەردەستە، و لەسەرەتای بوونمانەوە مێژووی ڕاستقینەی مرۆڤکانمان تەمارکردووە. هەر لەدایگەی ئەمەوە دەزانرێت پاکەکان چەن مرۆڤیان بونیاد ناوە و شەڕانگێزان چەن ڕوخاندوویانە! چەن ژیارەکان بونیادنراوون و کە وێرانی کردوون! ئەمە نەبواین، کە فیرعەون و مووساکانی دەناسی؟ شکسپیر ئەم ناوبانگەی لەکوە دەبوو؟ ئەی هیگل و دیکارت و ئەشە و مەولانا و مەحوی ...هتد؟ سەیرکە سەیرکە! پیتەکی تر هات!...یەکەکی تریش..ئەوەتا یەک بەدوای یەک پیتەکان دێنە خوارەوە! ڕیزدەبین و دەستی یەکتر دەگرین و دەبین بە ووشە و بە ڕستە. بەو هیوایەی لەژێر ڕۆشنایی ئەم مەمەدا وەک دەقەک لەدایک بین، و بە دەستی خوێنەرەک بگەین.

ئەو:

ئەمشەو نووسین جیاوازە. وشەکان هەست بە نامەیی دەکەن. وەک چەن کچەلەیەکی لادێیی کاتەک لەناکاو خەی لەناو ئاوەدانییەکی نامەدا دەبینەتەوە شەرم دایدەگرێت. ئەم ئەوارەیە وشەکان لە ئاست ئەو داواکاریەی من کۆمیان سوور هەڵگەڕاوە. ناهەق نین شەرم بکەن بە وەسفی کاراکتەرەکی لەو جۆرە برژێنە سەر لاپەڕەکەم. هەست بە شەرمەزاریی دەکەن لە دوو تۆی گۆڤارەک یان کتێبەکدا بچنە بەردەم خوێنەرەکی خوێندەوار. ئاخر لەوانیە بەهەی ئەو کاراکتەرەوە ناویان بزڕێت و ئیتر لە کونجی کتێبخانەدا بمێنەد بکرێن و جارەکی تر بە چاوی خوێنەرەکی تر ئاشنا نەبنەوە. تەنانەت لەوانیە حوکمی تاهەتاییان بەسەردا بدرێت و ئیتر پێنووسەکانیش لەبیریان بکەن. هەر چەنەک بوو، بریاریاندا لە نووکی پێنووسەکەم بێنە دەرەوە و سەرکەشییەک ئەنجام بدەن. خە جیهان هەر ئاوا نامێنێتەوە. لەوانیە ڕۆژێک بێت ئەو کاراکتەرە ببێتە بووکەڵەیەکی مێژوویی و مناڵکان لە کەلاوەیەکدا یاری

پەبکەن.
تک...تک...دەنگی کاتژمێری سەر دیوارەکە بێزاری کردبوو. پیخەفەکەی هەلدایەوە، تیشکی خۆر لە پەنجەرەکەوە نیهەشت بۆتەواوی چاوی هەلبڕنێ.
-ئای خوایە! دیسانەوە پڕردەکیان هەڵداوەتەوە. ناهەڵن بە ئارامی بخەوم. ئاخر من چیم داوە لە قیتامین و تیشکی خۆر و چاکبوون و نازانم چی و چی؟!
پەخەفە چلکنەکەی کشایەوە سەرخۆی. دەنگی کاتژمێرەکە بڕدەوام بوو...تک...تک... لەناکاو پەخەفەکەی هەلدایەوە و سەیرەکی تەنیشتی لای چەپی خۆی کرد، بووکەڵەی سەر مێزەکەی هەلگرت و بە کاتژمێرەکەیدا کێشا و بەدەنگی کرد. ساتەکی تر لەژێر پەخەفەکەیدا بەدەنگ مایەوە، بیری کەوتەوە بە تەنیا لە ماڵەوەیە و هەموویان ڕەیشتوون. هەندەکیان بە سەر کار و ئەوانی تریش بە قوتابخانە.
-من تاقەتی ئەمانەم نییە. بەڵای منەوە ژیان خۆوتنە. بخەویت و خەونی خۆش ببینیت. کاتەکیش خەبەرت دەبەتەوە، خەونەکانت بگێڕیتەوە و وەک یادگاریی چەژیان لە وەرگریت. بەڵام چۆن دووبارە بخەومەوە؟!
پەخەفەکەی هەلدایەوە...ئیتر تاقەتی ئەوەم نییە سەیری ئەم ژوورە کاولبووە بکەم. هەمیشە دیمەنی ئەو بنمیچە لەبەرچاومە و بیزاری کردووم.
هەستی بە تینوەتی کرد. ویستی بچێتە ژوورەکەی تر بە ئەوەی ئاو بخواتەوە. بەڵام پاشگەز بووەوە و نەیویست بە تەواوی بەدار بێتەوە. پەخەفە چلکنەکەی کشایەوە سەری...خەوی لە زرابوو بیری دەکردەوە. لەناکاو هەستیکرد کەسێک خەریکە نزیک دەبێتەوە. ئەوەتا هاتە ژوورەوە...بەرە بەرە و بە ئەسپایی نزیک دەبێتەوە...ویستی پەخەفەکە هەلداتەوە، بەڵام پاشگەز بووەوە. گوڕ قوڕاغ خۆی بەدەنگ کردبوو، نوقمی لەخۆی بەیبوو. دڵی بەخەرایی لێیدەدا...گوێی لە هەناسەکانی کەسەکەیە...نزیکتر بێتەوە. هەرچەند هەوڵیدا، جورئەتی نەبوو خۆی بجوولێنێت. دەستێک بەر پیخەفەکەی کەوت، زەر ترسا. خۆی وا نیشاندا خەوتووە. کات زەر بە هەواشی تێدەپەڕی. توانای بیرکردنەوەی نەماوە...نایدەزانی چەند کات تێپەڕیوە. هەستیکرد دزەکە بەرەو دەرگاکە دەڕوات، هەناسەیەکی هەڵکێشا. ماوەیەک بوو هەوڵیدەدا پەخەفەکەی هەلداتەوە، جورئەتی نەدەکرد. دوای ماوەیەکی زەر، پەخەفەکەی هەلدایەوە. نایدەزانی دڵخۆش بێت کە لە ژیاندا ماوە، یان نیگەران بێت لەو نامەردییەی لە

بەرامبەر پاڕزگاریکردن لە مالەکەیان نواندوویەتی. چاوی کەوتەوە سەر بنمیچەکە، زیاتر نیگەران بوو. جالجالۆکەیەک خەریک بوو بە دەزووە تونەکەیەوە هەدی هەدی بەرەو ڕوخساری دەهاتە خوارەوە. نیازی ئەوەی کرد هەلستێتەوە و لای بدات. بەڵام نەیویست بێتەواوی لە خەوەکەی بەداببڕێتەوە. ویستی پەخەفەکەی بەرەو ڕوخساری بهێنێتەوە، بەڵام زەر ناخۆش بوو. چاوکی بە ژوورەکەدا خشاند، جامانەکەی باوکی لەسەر مێزەکەی تەنیشتی هەڵگرت و خستیە سەر ڕوخساری و بەرەو خۆنەکانی گەایەوە.

من:

ئیتر قەڵەمەکەی دانا.

بە ماوەیەک کەوتە بیرکردنەوە..

دواتر لاپەڕەکەی پچڕاند و لەناو لەپیدا گچراندی و فڕێدایە سەر زەوی...

مەمەکەی کوژاندەوە و دونیا تاریک بوو.

✍/ ئیبراهیم